مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

# الشخصية كرمز تاريخي في رواية عبد الله سراج "سليك هوكلر"

حسێن جەلال حميد
المديرية العامة لتربية كلار / تربية كلار
Hussenjalal086@gmail.com

أ.د. ابراهيم عبدالرحمن محمود
جامعة گەرميان .كلية تربية الاساس .قسم الكوردى
Ibrahim.jaff@garmian.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: الرموز والأنواع والمبادئ، والشخصيات التاريخية، عبد الله سراج.

**كيفية اقتباس البحث**

حميد , حسێن جەلال , ابراهيم عبدالرحمن محمود ,الشخصية كرمز تاريخي في رواية عبد الله سراج "سليك هوكلر" ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦ ,المجلد:١٦ ,العدد:٦

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# Personality as a historical symbol in Abdullah Saraj's novel Slick Hockler

**Hussein Jalal Hamid**
**General Directorate of Klar Education / Klar Education**
**Hussenjalal086@gmail.com**

**D. Ibrahim Abdulrahman Mahmoud**
**Garmian University - College of Basic Education - Kurdish Department**
**Ibrahim.jaff@garmian.edu.krd**

**Keywords** : Symbols, types and principles, historical figures, Abdullah Saraj.

**How To Cite This Article**
Hamid , Hussein Jalal , Ibrahim Abdulrahman Mahmoud ,Personality as a historical symbol in Abdullah Saraj's novel Slick Hockler ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abctract**
This research, entitled Personality as a Historical Symbol in Abdullah Saraj's Novel (Slikook Hockler), is an attempt to show the characters that are used as historical symbols in the novel, as the author, for some socio-political reasons, has used them as symbols for the historical characters in accordance with the needs of the text and the obvious characters outside the text.
Symbols are a means of expressing unspoken concepts, in which messages appear in the light of symbols. Symbols make us feel a kind of obscurity and loss. Symbols have deep roots in all humanities and natural sciences, especially in the field of literature and art, has been able to give a high and beautiful image to literary works in all literary genres, at the same time symbols are a powerful and effective factor.

This issue is of interest to researchers in Kurdish research and needs further research. Therefore, we have rewritten this research on this issue. Symbols are an important tool for writers to express the subjects, events and characters that have difficulty in expressing them openly. Readers can reveal hidden subjects and characters through symbols.Slick Hockler's novel is one of the most historical characters used as a symbol, so we thought it necessary to conduct our research on this subject. According to the descriptive and analytical methods, we aim to identify the historical figures used as historical symbols in the novel. The paper consists of a summary, an introduction and two parts: the first part: the terms, definitions, principles and types of symbols, the second part is the practical practice.

**الملخص**

الدراسة الموسومة بـ (الشخصية كرمز تأريخي في رواية سيلكوك هوكير لعبدالله السراج محاولة لعرض الشخصيات التي استخدمت كرمز تأريخي في الرواية، من الواضح أن الكاتب لأسباب إجتماعية وسياسية لجأ متعمدا إلى استخدام الرموز عوضا عن الشخصيات التأريخية، حسب ضرورة النص وشخصيات خارج النص.

تُعدّ الرموز وسيلةً للتعبير عن مفاهيم غير مُعلنة، حيث تظهر الرسائل في ضوء الرموز. تُشعرنا الرموز بنوع من الغموض والضياع. وللرموز جذور عميقة في جميع العلوم الإنسانية والطبيعية، ولا سيما في مجال الأدب والفن، إذ استطاعت أن تُضفي صورةً راقيةً وجميلةً على الأعمال الأدبية في جميع أنواعها، وفي الوقت نفسه تُشكّل الرموز عاملاً قوياً وفعّالاً.

الموضوع موضع اهتمام الباحثين في الدراسات الكوردية ويحتاج إلى دراسة وبحث أكثر، لذا اخترنا هذا الموضوع لدراستنا.اعتمدت الدراسة المنهج الوصفي التحليلي. تُعدّ الرموز أداةً بالغة الأهمية للكُتّاب للتعبير عن المواضيع والأحداث والشخصيات التي يصعب التعبير عنها صراحةً. ويستطيع القراء من خلالها الكشف عن مواضيع وشخصيات خفية. وتُعتبر رواية سليك هوكلر من أكثر الروايات التاريخية استخدامًا للرموز، لذا رأينا ضرورة إجراء بحثنا حول هذا الموضوع.الهدف من الدراسة تحديد تلك الشخصيات التأريخية التي استخدمت كرموز تأريخية في الرواية. تتكون الدراسة من ملخص ومقدمة وفصلين، الفصل الأول: مصطلح وتعريف وأسس وأنواع الرمز. أما الفصل الثاني: الفصل التطبيقي للدراسة.

## کەسایەتی وەک هێمای مێژوویی لە ڕۆمانی (سلیکووك هۆکلێر)ی عەبدوڵلا سەڕاج دا

ـ حسێن جەلال حمید بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان . پەروەردەی کەلار
Hussenjalal086@gmail.com
٢ ـ پ.د. ابراهیم عبدالرحمن محمود زانکۆی گەرمیان . کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت . بەشی کوردی
Ibrahim.jaff@garmian.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانەی کەسایەتی وەک هێمای مێژوویی لە ڕۆمانی (سلیکووک هۆکلێر) عەبدوڵلا سەڕاج )دا، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ئەو کەسایەتییانەی، کە وەکو هێمایەکی مێژووی لەنێو ڕۆمانی (سلیکووک هۆکلیر) بەکارهاتووە، دیارە نووسەر بەمەبەست و بە

هۆکارێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی) لە جێگەی کەسایەتییە مێژووییەکان هێمای داناوە، بەپێی پێویستی دەقەکە و کەسایەتییە ئاشکراکانی دەرەوەی دەقەکە. ئەم بابەتە لەنێو توێژینەوەی کوردیدا جێگەی بایەخی توێژەرانە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترهەیە،توێژینەوەکەمان ترخان کردووە بۆئەم بابەتە،ئامانجمانە ئەو کەسایەتییە مێژووییانەی، کەوەکو هێمایەکی مێژووی لەناو ڕۆمانەکەدا بەکارهاتووە دەستنیشان بکەین، توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم: زاراوە و پێناسە و بنەما و جۆرەکانی هێما ڕوونکراوەتەوە، بەشی دووەم: پراکتیزەی کارەکییە.

**چەمکە کلیلییەکان:** هێما، جۆر و بنەماکانی، کەسایەتی مێژووی، عەبدڵڵا سەراج.

**پێشەکی**

هێما ئامرازێکی گرنگە بەدەستی نووسەرانەوە بۆ دەربڕینی ئەو بابەت و ڕووداو و کەسایەتییانەی، کە کێشە لە بەئاشکرا گوتنیاندا دروستدەبێت،خوێنەرانیش دەتوانن لەڕێگەی هێماکانەوە بابەت و کەسایەتییە شاراوەکان ئاشکرابکەن، کەواتە هێما هۆکارێکە بۆ تێڕامان و خوێندنەوەی زیاتری دەق، لێرەوە گرنگی هێما و هێماگەری دەردەکەوێت.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** ڕۆمانی (سلیکووك هۆکلێر) یەکێکە لەو ڕۆمانانەی، کە زۆرترین کەسایەتی مێژوویی تێدایە و وەکو هێمایەک بەکارهێنراوە، بۆیە بەپێویستمان زانی لەسەر ئەم بابەتە توێژینەوەکەمان ئەنجام بدەین.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا سودمان لە میتۆدی وەسفی شیکاری و میتۆدی تەواو کاری وەرگرتووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە**: لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمانە ئەو کەسایەتییانە بخەینە ژێر تیشکی توێژینەوە، کە وەکو هێمایەکی مێژوویی، لەناو ڕۆمانەکەدا هەستی پێدەکەین.

**سنوری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە تەنها کارلەسەر ڕۆمانی (سلیکووک هۆکلێر)ی عەبدوڵڵا سەڕاج دەکات و بە دیاریکراویش کەسایەتییە مێژووییەکان.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و دووبەش و ئەنجام پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

**بەشی یەکەم:** زاراوە و پێناسە و بنەما و جۆرەکانی هێما.

بەشی دووەم: پراکتیزەی کارەکییە.

## بەشی یەکەم: زاراوە و پێناسە و جۆرەکانی هێما

### ١_١_ زاراوە و پێناسەی هێما

هێما ئامرازێکە بۆ دەربڕینی چەمکە نەوتراوەکان,کە لەژێر ڕۆشنایی هێمادا پەیامەکان دەردەکەون .هێماکان وامان لێ دەکات کە هەست بە جۆرێک لە تەم ومژاوی و ونبوون بکرێت. هێما ڕەگ و ڕیشەیەکی زۆر قووڵ و فراوانی لە سەرجەم زانستە مرۆیی و سروشتییەکان هەیە, بە تایبەتی لە بواری ئەدەب و هونەردا ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاوی هەیە, توانیویەتی لە سەرجەم ژانرە ئەدەبیەکاندا وێنەیەکی باڵا و جوان بەبەرهەمە ئەدەبیەکان ببەخشێت،لەهەمان کاتدا هێما هۆکارێکی بەهێز و کاریگەرە بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامی نووسەران.

لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (symbol)بەکاردەهێنرێت،زاراوەکە لە بنەڕەتدا لە (symballein)یونانییەوە وەرگیراوە، کە بە مانای هاویشتنی بەیەکەوە دێت، یاخوود بە مانای کۆکردنەوەی ئاوێتەبوونی بەپەلەیی دێت، (symboloin) واتە (نیشانە، دروشم، ڕەمز، ئاماژە، کە زیندوو یان نازیندوو دێت)(Cuddon, 1999: 885) هەروەهاوشەی (Symbol) لە دوو

بەش پێکدێت،(Sym) واتای لەگەڵ دێت، (bol) بە واتای بایەخپێدان هاتووە.) ( احمد، ١٩٧٨: ٣٣)زاراوەی هێما لە زۆربەی زمانە بیانییەکاندا بەکارهاتووە وەک(( زمانی ئینگلیزی (Symbol)، لە زمانی ئەڵمانی بەهەمان شێوە( Symbol)، لە زمانی فەرەنسی( Symbol)لەزمانی ئیسپانی(Simbolo)((کۆڕی زانیاری کوردستان ٢٠٠٦: ٩٦)زاراوەی هێما لەلای هەرنەتەوەیەک بەشێوەی جیاواز خراوەتە ڕوولەزمانی عەرەبی(الرمز)بەکارهاتووە،عەرەبەکان بە درێژایی مێژوو،واتا لە ((سەردەمی جاهلی تا سەردەمی نوێ و هاوچەرخ، ئەم زاراوەیان بەکارهێناوە، بەڵام بەکارهێنانەکەی لە چوارچێوەی واتا زمانە گشتییەکەی بووە، نەک واتا هونەرییەکەی))( حەمەد، ٢٠١٢: ٥)، هەروەها لە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بە هێما کراوە بۆ نموونە لە سوورەتی ( ال عمران) ئایەتی چل ویەک خودای گەورە دەفەرموێت: (قَالَ رَبِّ ٱجۡعَل لِّيٓ ءَايَةٗۖ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمۡزٗاۗ وَٱذۡكُر رَّبَّكَ كَثِيرٗا وَسَبِّحۡ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِبۡكَٰرِ ) (ال عمران: ٤١). لە فەرهەنگی (لیسان العرب) ڕەمز بە واتای هێما هاتووە، کە ئاماژەدانێکە بە ((لێو یان بە برۆ و چاو))(ابن منظور،٢٠١٦: ١٦٩٥) هەروەها (قودامەی بن جەعفر) لەبارەی زاراوەی هێماوەدەڵێت:((هێمائەوەدەنگە شاراوەیە،کەبەزەحمەت دەتوانرێت لێی تێبگەیت))(اسماعیل، ٢٠٢٤: ١٣٠). لەزمانی فارسیدا زاراوەکانی وەک (نماد، سمبول، ڕەمزیان بۆ هێما) بەکارهێناوە ,لە فەرهنگی(دهخدا) هێما بەم شێوە باسکراوە( هێما ئاماژەدانێکە بە لێو,یان بە برۆ وچاو)(دهخدا، ١٣٤١: ١٨٣٧).

لەزمانی کوردیدا(هێما,ڕەمز,جەڤەنگ,سیمبوڵ)بەکاردەهینرێت,لەم بارەیەوە (بەختیار سەجادی) لە فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی ئینگلیزی-کوردی-فارسی دا دەڵێت ((ئێمە هێما بۆ سیمبول بەکاردەهێنین، بەڵام لە باشووردا بە ڕەمز دادەنرێت، کە لە عەرەبییەوە وەرگیراوە. لە فارسیدا کەڵک لە (نماد) وەردەگیرێت، کە تەواو جیاوازە لە واتای ڕەمز لە فارسیدا.( سەجادی : ٢٠٢٢: ٥٧). بەشێوەیەکی گشتی لەناو نووسەرانی کورددا سوود لە زارەوەکانی (سیمبۆڵ و هێما و ڕەمز)وەردەگیرێت، بەڵام ئێمە زیاتر زاراوەی (هێما) بە پەسند و گونجاو دەزانین.

## ١ _ ٢ _ چەمک و پێناسەی هێما

هێما ڕووبەرێکی دیاریکراوی لەنێو ئەدەب داگیرکردووە، ئەگەرچی (زاراوەیەکی فەلسەفی و لاهووتییە و زیاتر لەوەی ئەدەبی بێت، ڕەنگە لە هەمووی زیاتر ئایینی بێت) (لؤلؤة ١٩٨٣: ١٣)، چەمکی هێما بۆ نیشانەی ئاشنا بوونی نێوان چەند تاکێک بەکار دەهێنرێت، کە ((سەر بە کۆمەڵەیەکی نهێنی, یان دەستەیەکی تایبەتمەند بن, وەک هێماکانی (ماسۆنێت) یان ئاماژەکانی ڕێکخراوە کلتووری و کۆمەڵایەتیەکان, یان هێماکانی سوپا.( میراودلی ٢٠١٦: ٣٤).

**(گۆتە)** شاعیری ئەڵمانی لەبارەی چەمکی هێما دەڵێت: ((کاتێک خود لەگەڵ بابەت تێکەڵ دەبێت، هێما دەدرەوشێتەوە، کە تێیدا پەیوەندی مرۆڤ بە شت دەنوێنێت، هەروەها پەیوەندی هونەرمەند بە سروشت و بە مەش گونجانێکی قووڵ لە نێوان یاساکانی ویژدان و سروشت دەهێنێتە بەرهەم))(احمد ١٩٧٨: ٣٧)هەندێک کات کۆمەڵگەوداب نەریتی کۆمەڵایەتی کاریگەریان هەیە, لەسەر درووستبوونی هێما وەک (کۆتری سپی هێمایەبۆئاشتی) و (کوندەپەپوو هێمایەبۆ شوومی) دانراوە.

**(دی سۆسێر١٨٥٧.١٩١٣)**دەڵێت : ((هێما بە دیاردەیەک دادەنرێت لەیەک کاتدا یەکلایەنی و دوولایەنیش ڕابگەیەنێ بابەتێکی یەک لایەنییە, چونکە بێ دال نابێت, دوولایەنەکەشی بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە، کە مەدلوول دالێک داوا دەکات لە داله بەرایەکە ناچێت. هەروەها (پێرس) پێی وایە: هێما نیشانەیەکە، کە ئاماژە بە بابەتێک دەکات کە لە ڕێگەی کولتوور و گوزارشتی لێ



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

دەکات، و بۆیە هێما شتێکی گشتی یان کەلتووریە، واتا نیشانەیەکی کولتوورییە هەروەها پێی وایە هێما بەو پێیەی نیشانەیە ئاماژە بە شتێک دەکات کە لە رێگەی رێک کەوتنەوە عورفەوە گوزاریشتی لێدەکرێت)) (محمد٢٠١١: ١٣٢)هێماله ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە **(کارڵ گۆستاف یۆنگ ١٨٧٥. ١٩٦١)** دەروونشیکاری ناوداری سویسری دەڵێت: "هێما بریتییە لە زاراوەیەک یان ناوێک، بگرە دەکرێ ئەو وێنەیە بێت، وە لەوانەیە نوێنەری شتێک یان شتێکی ژیانی ڕۆژانە بێت، جگە لەمانە ئاشکرا و ئاسایی، خۆی مانایەکی شاراوەو تایبەتیشی هەیە.))( یۆنگ ٢٠١٩: ٣٣).هەروەها**(جان مارتن)** لە کتێبەکەی بە ناوی "نیشانە و هێما " باس لە گرنگی و مانای هێما و کاریگەریيان لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگا دەکات دەڵێت((هێما لە هونەر و ئەدەبدا دەتوانێت واتایەکی قوڵتر بگەیەنێت و پەیوەندی لەگەڵ ناخی مرۆڤ دروست بکات هەروەها هێما وەکوو زمانێکی نەبینراوی مرۆڤ دەبینرێت و کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر کۆمەڵگە و تاکەکەس هەیە)).(مارتن ١٩٨٩: ٢٣٥).

**زاهیر لەتیف** دەڵێت(( هێما نیشانەیەکە لە نیشانەکانی شێوازگەری، بە مانای دەربڕینە شاراوەکان دێت کە دەکەوێتە دەرەوەی بازنە هەستپێکراوەکان، وەک ئەوەی وشەیەک بەدوای مانایەکی نەبیستراودا بگەڕێت، لە ڕووی کارنامەوە جیاواز بێت لە مانە بەکارهاتووەکە))( عەلی ٢٠١٣: ١٥٩). هێما ئاماژەکردنە بە وشەیەک کە واتای شتێکی هەستی یان ژیری دەگەیەنێت بۆ مانایەکی نادیارو جیاواز, خوێنەرانیش بە پێی ئاستی رۆشنبیری و هەستی دەربڕینیان ((لە تێگەیشتن و درکپێکردنی مەوداکەی جیاوازن, هەندێک یان لایەنێکی دەبینن, هەندێکی تریان لایەێکی تری دەبینن, کە بەڕوون و ئاشکرایی دەردەکەوێت ورۆشنبیر بە ئاسانی لێی تێدەگات))(ئەحمەد٢٠٠٩: ٢١٦.٢١٥).

## ١_٤_ جۆرەکانی هێما

## ١_٤_١_ هێمای ئەفسانە

ئەفسانە مێژوویەکی کۆنی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە سەرەتاییەکانی مرۆڤ یەکەمین سەرچاوەی مرۆڤایەتی بوو بۆ گوزارشتکردن لە بیروڕاکانی,هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەوسەردەمەکێشەدەروونییەکانی پێ چارەسەربکات,((ئەفسانە یەکەم قۆناغی بیرکردنەوەی فەلسەفی ئەنوێنێ ئەم قۆناغە فەلسەفیە سەرەتایە وەک قۆناغە فەلسەفییەکانی ترلە ئەنجامی قووڵبوونەوە لە دیاردەکانی کەون و پەیوەندییان بە ژیانی مرۆڤەوە لەسەرزەوی پەیدا ئەبێ ئەفسانە لقێکی گرنگ ودەوڵەمەندی ئەدەبی فۆلکلۆرە, زاراوەی ئەفسانە هەر لە کۆنەوە لەناو ئەدەبیاتی زۆربەی میللەتەکاندا چەسپاوە, ئەمەش بەرانبەر ئەو حیکایەت و چیرۆک و سەر گورشتە و ڕووداوانەیە, کە جۆرێک لە تەمووموژی و لێڵییان تێدایە و هەندێکجار لە ڕاستیەوە دوورن هەر میلەتێک ئەفسانەی تایبەت بە خۆی هەیە, کە مۆرکی ئەو میللەتەی پێوە دیارە, بۆیە لە ناو ئەدەبیاتی هەر میللەتێک زاراوەیەک, یان چەند زاراوە بەرانبەر ئەم حیکایەت و چیرۆک و ڕووداوانە چەسپاون. بۆ نموونە لای کوردە زاراوەی (ئەفسانە) و لای عەرەب زاراوەی (اسطورة) لای فارس زاراوەی (أفسانه) لای ئینگلیز( myth) لای فەرەنسیەکان زاراوەی (mythe) هەیە . لای زۆربەی میللەتان لە بواری ئەفسانەدا دووجۆرە زاراوە بەکاردێت و ئەفسانە و ئەفسانەی خوداوەندەکان لە یەک جیاکراونەتەوە فارسەکان زاراوەی (أفسانه) بۆئەفسانەی گشتی و (اسطوره) بۆ ئەفسانەی خوداوەندەکان بەکاردەهێنن, عەرەبەکان زاراوەی ( اسطورة) بۆ ئەفسانەی گشتی و (اسطورة الالهة) بۆ ئەفسانەی خوداوەندەکان بە کاردەهێنن. لای ئینگلیزو فەرەنسیەکان زاراوەکانی (legende ، legend ) بۆ ئەفسانەی گشتی و (myth،

mythe) بۆ ئەفسانەی خوداوەندەکان بە کاردەهێنرێن. هەرچی لە ئەدەبیاتی کوردی خۆشماندایە بە شێوەیەکی گشتی زاراوەی ئەفسانە بۆ هەردوو جۆری بە کاردەهێنرێت, بەڵام دکرێت لای ئیمە زاراوەی ( ئەفسانە) ئەفسانەی گشتی و زاراوەی ( ئەفسانەی خوداوەندەکان ) بۆ ئەفسانەی خوداوەندەکان بەکاربهێنرێت))(ئیبراهیم ١٤:١٩٨٦. ١٥) ئەفسانە بەربڵاوترین لە جۆرەکانی ئەدەبدا ((هێمای ئەفسانەیی لە کۆنەوە جێگای بایەخی نووسەران بووە,بۆگەیاندنی پەیامەکانیان، سوودیان لێ بینیوە. لە سەرەتاوە بۆئەوە هاتووەتە ئاراوە، کە ئەو دیاردە سروشتییانەی دەبنەهۆکاری ترساندن، راڤەی بکات و بزانێت بۆچی ڕوو دەدەن)) ( هەورامی، ٢٠٠٥: ٩٢) گرنگە ئەفسانە هێما ئەفسانەیەکان لە نووسیندا((ئەفسانە و هێما ئەفسانەییەکان لە نووسینەکانی ژانەری ئەدەبیدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هێما ئەفسانەییەکان وێنەیەکی هەستی دروستدەکەن، گرنگی ئەفسانە لەو ئامادەبوونەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ڕۆشنبیری گشتیدا هەیە و ڕەنگدانەوەی نواندنێکە کە لە نەستی گشتیدا کەوا لە ئامادەبووان دەکات دۆخێکی خەیاڵی و ویژدانی و دەلالەتی هێمایی پێ ببەخشێت.ئەم هێما ئەفسانەییانەلەکۆمەڵگەیەکەوەبۆ کۆمەڵگەیەکی کە بەپێی کولتوور وئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن.زۆرجار ئامادەبوونی ئەم هێمائەفسانەیەلەناوکۆمەڵگە جیاوازەکاندا دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش لە ڕوانگەی شتێکی هاوبەش و پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەکان)) (حسێن: ٢٠٢٣: ١٢٦)ئەفسانە لەزۆربەی ژانەرەکانی ئەدەبدا ئامادەییان هەیە، نووسەرانی کورد و گرنگیان پێداوە و هەریەکەیان کە بەکاری دەهێنن، ڕۆحێکی بە بەردا دەکەن.

**١_٤_٢_ هێمای ئایینی**

هێمایەکی دیار و گرنگە، لە هەمان کاتیشدا لەزۆربەی بابەتە ئەدەبییەکاندا بوونی هەیە. مەبەست لە هێمای ئایینی ئەو هێمایانەیەکە ((لە کتێبە ئاسمانییەکاندا سەرچاوەی گرتووە وەکوو تەورات و ئینجیل و قورئانی پیرۆز، هەروەها ئاڤێستا و زۆربەی جار سوود لە ژیانی پێغەمبەران و فەرموودەکانیان و هەموو ئاینزاکانی تر و شوێن و هەموو ئەوانەی، کە پەیوەندیدارن بە ئاینەکانەوە وەرگیراوە، بۆیە هەر لە کۆنەوە تا ئێستاش کەم نووسەر هەیە پەنای بۆ هێمای ئایینی نەبردبێت لە بەرهەمەکانیدا و ڕەنگی نەداوەتەوە))(فەتاح ٢٠١٥: ٧٤)ئەم هێمایە,هێمایەکی دیاری نێو جۆرەکانی هێمایە,سەرچاوەی هێمای ئاینی(سەرجەم ئاین وکتێبە ئاسمانی وزەمینەکان وجێگا پیرۆزەکان وپێغەمبەران وکەساێتییەئاینیەکان هەمیشەبەسەرچاوەیەکی گرنگی درووستبونی هێمای ئاینی لە بەرهەمە ئەدەبیەکاندا بەکارهێنراون لە بەر ئەوەی لەڕێگەی هێما ئاینیەوە ڕاستیەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەبێت, بەبڕوای " پاوڵ تیلچ" کاری هەرە گەورەی هێما ئاشکراکردنی ئاستەکانی ڕاستیە و ئاستەکانی عقلی مرۆڤایەتییە)( نصر ١٩٧٨: ٣٣) ئاین و میراتی ئاینی سەرچاوەیەکی گرنگی دەوڵەمەندی بەردەستی نووسەرانن.ئاین بەهۆیەو هێزەکاریگەرییەی هەیەتی لەسەرزۆربەی خەڵکی ڕیگەیەکی باشە بەدەست نووسەرانەوەبۆئەوەی بتوانن هەندێک بابەت بەهۆی بابەتەئاینیەکانەوە بەشێوەی هێمادەربڕن ونووسەران لەڕێگاوە دەتوانن بگەنە ئامانجی خۆیان.

**١_٤_٣_ هێما سروشتییەکان**

سروشت کاریگەری زۆری لەسەرنووسەران هەیە, پەیوەندێکی بتەو لەنێوانیاندایە,بەڵام پەیوەندی سروشت ونووسەران بەپێی سەردەمەکان دەگۆڕێت. هێمای سروشتی ((ئەوهێمایانە دەگرێتەوەکەلەئامێزسروشتەوەسەری هەڵداوە،ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی سروشت بوونەتە هەوێنی دروستبوونی ئەم جۆرە هێمایە، یان دەتوانین بڵێین مەبەست هەموو دیاردە و



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

پێکهاتەکانی سروشتە وەک: شەو و ڕۆژ، ئاسمان و ئەستێرە، باران و پاییز، بەهار و کە هەریەکەیان هێمایەک دەگەیەنێت)) ( ئەحمەد ۲۰۱٤: ۲٦۹)لەهێمای سرشتیدا کە(( گەردوون لە چوار ڕەهەندی سەرەکی پێکهاتووە کە بریتین لە (خاک، ئاو، هەوا و ئاگر). ئەم هەر چوار توخمە گرنگییەکی تایبەتیان لە ژیاندا هەیە؛ بەپێی دیدگای فەیلەسووف و موتەسەوفەکان، جیهان و بوون لەم چوار ڕەگەزە دروست بوون و مرۆڤ بەردەوام پێویستی بەم توخمانە هەیە. ئەمانە تەواوکەری یەکترین، واتە کۆڵەکەکانی ژیانن، هەر بۆیە ئەم توخمانە بەردەوام لە دیدی مرۆڤدا خاوەن پیرۆزیی بوون و وەک هێمایەک بۆ ژیان لێیان ڕوانراوە)) (مزیری ۲۰۰۹: ۱۸۰)ڕەگەزە جۆراو جۆرەکانی سروشت بونەتە هۆکاری دروستبوونی هێما لە دەقە ئەدبیەکاندا.

### ١_٤_٤_ هێمای خودی

ئەوهێمایەیەکەتایبەتەبەتاکەکەسێکەوەلەخودەوەسەرچاوەیگرتووە،زۆرجار نووسەران بە مەبەستی گەیاندنی پەیامەکان بە خوێنەری دەق پەنا بۆئەم جۆرە هێمایە, وەک داهێنانێکی کەسی،کەتابتوانن لەم دەروازەوەئامانجەکانیان بپێکن، دیارە ئەم هێمایەش لە کۆنەوە تا ئێستا جێگا و بایەخی بەشێکی زۆری نووسەران بووە، پێگە و کاریگەرییەکی گەورە و فراوان و بەهێزی لە بوارسەرجەم بابەتەئەدەبیەکان هەبووە.((لەهەمان کاتداهێماچاوگێکی گرنگی ئێستاتیکای هونەرەکانی ئەدەبە، وێنەی هێمای خودی هونەریبوونی ئەم وێنە شیعرییە لەوەدایە کە وێنەکان خودین ئەنجامی ئەزموونی ئەدەبی شاعیر نیشان دەدا بەهۆی ئەو تێڕوانینە ببینراوانەی کە بۆ دەوروبەر و ژینگەکەی هەیەتی پاش مانەوەی لە خەیاڵیدا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی گونجاو بدۆزێتەوە تاوەکوو لە ڕێگای هێماوە وێنەیەکی هونەری دروست بکات کە لە داهێنانی تایبەتی خودی خۆی بێت و وێنەیەکی دروستکراوی خوازراو نییە بەڵکوو وێنەی داهێنراوە)) (فەتاح۲۰۱٦: ٤۰) بێگومان توانا و ئەزموونی ئاستی ڕۆشنبیری نووسەران ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەبێت(( لە هێنانەکایەوەی داهێنانی هێمای خودی وێنەی هێمایی خودییەکان لە وێنەی بابەتییەکان شاردراوەترن، چونکە پێشتر کۆمەڵگە لەسەر مەدلوولی هێماکە ڕێک نەکەوتووە. هەستێکی تایبەتی و مەبەستێکی ئاماژەداری نووسەر لە پشتەوە لە ئەنجامی تێگەیشتن لە دەوروبەری دەق و پێکهاتەی ناوەوەی دەقەکەدا ئاشکرادەبێت.لەبەرئەوەلە ڕووی شیعرییەتەوە لە هێمای بابەتییەکان زیاتر نەبێت، کەمتر نییە. هێما خودییەکان زیاتر دەربڕینی شیعرین، چونکە دەمامێکی گەورەتریان بەسەردا داپۆشراوە. بۆیە چیرۆکنووسانی کورد لە دەیەی هەشتاکان بەسەرەوە لە بارودۆخی سیاسیی ئەوسا پتر بۆ هۆی نزیکەیەتی لە دەربڕینی شیعری و لە نێوەشیدا وێنەی دروست کراو لە ڕەمزی خودی پانتایی دەقیان داپۆشیوە. هەست و مەبەست و شتەکانی ناخیان لەو چوارچێوەیە دەربڕیوە))(خۆشناو، ۲۰۱۰: ۱۰) ئەم جۆرە هێمایە بیرو هزری نوسەر خۆی داهێنەرێتی ودرووستی دەکات و گیان دەکات بە ریدا,پەیوەندی بە ژیانی نووسەرەوەهەیە.

### ١_٤_٥_ هێمایی مێژوییەکان

نووسەران بۆدرووستبوون وهاتنەکایەوەی ئەم هێمایە،زۆرجارسوودلەڕووداوو کەسایەتییەمێژوویکانوەردەگرن،هەردووڕووەئەرێنی ونەرێنییەکەدشێوازودامەزراندنیان ((شێوەگێڕانەوەکەکۆپیکراوبناوەڕۆکی مێژوویی نییە،بەڵکووڕەهەندێکی تازەگەری پێدەبەخشێت، تاوەکوو لەگەڵ بیر و بۆچوونی سەردەمی نوێدا بیگونجێنێت. بەهۆی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان کاتەکانی ئێستاوڕابردوو دروست دەبێت، بەمەش چالاکییەکانی نێو

کەرەستە بەکارهاتووەکان دێتە کایەوە))(محەمەد، ٢٠١٤: ١٦٧) ئامادەبوونی مێژوو وەک کەرەستەیەک لەنێودەقدا سیمایەکی دیکە بەرەوداهێنان و چوونی دەقە,لەوچوارچێوەیەکات ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لەپێکهاتەکەو.مێژوو وەرچەرخانی کاتە و هێنانەوەیەتی بۆئێستا,لەم ڕووەوە زیندووڕاگرتنی مێژوو ڕۆح بە باراداکردنی دەقە.((لە چەق بەستووی ئێستاییدا گەڕانەوەیە بۆ دۆزینەوەی کەش و هەوایەک,کە ئیحاو کاریگەرییەکەی لەدەقدا هەستی پێدەکرێ,مەزراندنی مێژوو وەک کات یان وەک کەسایەتی,ڕووداوە گرنگەکان دەق گەرمتر دەکەن و کۆی پرۆسەکەش لە سازاندنی وێنەدا خۆی دەبینێتەوە,ئەم وێنانە لە چوارچێوەی هێمادا دەگرسێنەوە, کە وزەی مەتبوو وەستاوی نێومێژوو زیندوو دەکەنەوە و لە بەسەرچوون و لە کارکەوتن بۆ کەرەستەیەکی بزێو وچالاکی دەبەن هێمامێژووییەکان لەهێماخودییەکان زیاتر دەمامەکدارترن,بەوپێیە بەشێک لەهێمای ئایینی وهەروا هێمافۆلکلۆر لە چوارچێوەی مێژوودادەگرسێتەوە,لەهۆشی وەرگردا نیشانەیەک هەیە بۆناساندنەوەیان,واتا مەدلوولی هێماکە وەک هێمای خودبدرووستکراونییە,بەلکووگشتی ترە))(خۆشناو٢٠١٠: ٧٥).

**١_٤_٦ هێمای نەتەوەی**

نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵە کەسانێک کە لەسەر پارچە خاکێکی دیاریکراو دەژین و زمان ومێژوو ئاین و کولتوور و چەندها ئامانج و بەرژەوەندی گشتی هاوبەش, تاکەکانی ئەم نەتەوەیە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەمەش وایکردووە, هەر لەکۆنەوە تاکەکانی ئەم نەتەوەیە شانازی بە نەتەوەکەیانەوە بکەن و لە پێناوی دا لە خەباتی بێوچان دابن وگیانی خۆیان بەخت بکەن ئەم ((هەست و سۆزو خۆشەویستی و قوربانی دانە ببێتە سەرچاوەی ستایش و پیاهەڵدان و هەتانەکایەوەی هێمای نەتەوەی و لە بەرهەمی نووسەراندا ڕەنگ بداتەوە))(فەتاح ٢٠١٥: ٧٩)هەر نەتەوەیەک خاوەن هێمایەکی تایبەت بەخۆیانن.ئەم هێمایە لەدەق ئەدەبی ئەو نووسەرانە زیاتر ڕەنگ دەداتەوە کە داگیراکراون لەلایەن دوژمنانەوە.

**١_٤_٧ هێمای ژمارەیی**

ژمارە وەک هێما لە کولتورو ڕۆشنبیری زۆر لە نەتەوە جیاجیاکانی جیهان بوونەتە هێما, لە هەر سەردەم وکۆمەڵگایەکیش بە پێی ئاین و دابونەریت ژمارەکە و واتای هێماییان جیاوازە,(( بۆنموونە لای میللەتانی کۆنی نێوان "دوو ڕووبار"ژمارەکانی "حەوت, دوانزە" واتای تایبەتیان هەبووە, لە ڕۆشنبیری عبرییە کۆنەکانیش هەر ژمارەو هێمای واتایەک بووە,١: هێمای تاجی پاشایەتی بووە, ٢: هێمای دانایی بووە ..... تاد, دواتریش لای هەر نەتەوەیەک ژمارەکان بونەتە هێما بۆ واتی جۆراو جۆر, بە پێی یاسا و دستورەکانی ئاینی نەتەوەکە و بارو دۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئەو ((بوارەی میللەتەکە کاریان تێدا کردووە , بۆنموونە : لە ئاینی ئیسلامدا ئەو ژمارانەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون وەک : یەک و دوو سێ و حەوت و یانزە ..... تاد, بوونەتە هێما بۆ واتای جیاواز, لە ئاینی مەسیحی ژمارە " سێ " واتای تایبەتی هەیە , لای نەتەوەی کورد ژمارە " چوار" بۆتە هێما بۆ پارچە کردنی کوردستان و گۆڕەپانی " چوارچرا" ...... تاد))(ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٩٣).ژمارە وەک هێما لە بەرهەمی ئەدەبی,ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە,لەواتابنەڕەتییەکەی خۆی دەردەچێت واتایەکی تردەبەخشێت,بەتایبەت لەبارودۆخی سیاسی نەگونجاودا,نووسەران وەک هێمابەکاردەهێنن لە بەرهەمەکانیان.

**١_٤_٨ هێمای کەلەپوری**

هێمای کەلەپوری کەرەستەیەکی فراوان و ڕەنگینە بۆ لێکۆڵینەوەی ژیان و مێژووی هەموو میللەتێک تەنانەت ئەوانەش کە شۆڕش لەسەر کەلەپوور بە ئەنجام دەگەینن و درک بەو



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

ڕاستییە دەکەن,کە بوونی ڕابردوو چ ئاسۆیەکی لە شارستانێتی نوێدا هەیە. نووسەرانی نوێ لەڕادەبەدەر پشت بە کەلەپوری میللی دەبەستن.ئەزموونی خۆیانی پێ گەشەدار و ڕەنگین دەکەن چونکە هەر وەک فرۆید جەختی لەسەر دەکات، کە ((هێما زیاتر پڕتر و کاریگەریشی واقعی ڕاستەقینە زێدەترە کە لە خورافات و حیکایەت و ئەفسانەکان و نوکتەو هەموو کەلەپورێکی میللی دا دەبینرێت))(ئیبراهیم ٢٠١٥: ٨٤.٨٣).

## ١_٤_٩_ هێمای گشتی

سەرچاوەی دروستبوونی هێمای گشتی ڕێکەوتنی کۆمەڵگە و نەتەوەن لەسەر( دال)ێک، جگە لەو واتایەی خۆی دەلالەت و (مەدلوول) ێکی تریش دەگرێتەخۆ, تەنانەت ((زۆرجار ئەم هێمایە گشتی یە سنووری کۆمەڵگە و نەتەوە دەبەزێنێت و دەچێتە ناو چەندین نەتەوە یان دبێتە هێمایەکی جیهانی کە هەموو جیهان و نەتەوەکان لە سەری کۆکن))(الدرويش١٩٥٧: ٢٨)

هێمای گشتی بریتییە لەو هێمایانەی کە لە سنورێکی فراواندا بە شێوەیەکی گشتگیری بە کاردەهێنرێت, یان ئەو هێمایانە دەگرێتەوە کە لە ناو زۆربەی میللەتاندا یەک واتا و مەبەست لە خۆ دەگرێت دیارە هەر هێمایەک لە جۆرەکانی هێما بەهاو پێگەوکاریگەری و سنووری خۆی هەیە,تواناو ئەزموونی لە بەکارهێنانی ئەو هێمانەدا لە لایەکو ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەرو تێگەیشتنی بۆهێماکان,لەلایەکی ترەوەدەبێتە پێوانەیەک بۆ بەرزی نزمی و بەهێزی و لاوازی هێماکان.

## ١_٥_ هێما لە ئەدەبدا

چەمکی هێما مێژوویەکی دێرینی لە ئەدەبییەتی جیهانداهەیە. هەر وەکوو ئاشکرایە، هێما هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤ لەسەر زەوی بوونی هەبووە و لە هەموو بوارەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ ڕەنگی داوەتەوە. هەر بۆیە یەکێک لە بوارەکانی کە ئەدەبە، هێما تێیدا بە شێوازێکی زۆر باش ڕەنگی داوەتەوە و چەندین جۆری دەبینین. هێما بە هەموو چەشن و ڕەگەزەکانی کاریگەیی زۆر قووڵی هەیە و بە تەواوی تێکەڵی سەرجەم ژانەرەکان بووە.زۆربەی نووسەران لە بەرهەمەکانیاندا بەکاری دەهێنن. هێما لە سەرەتادا بە شێوەیەکی سادە و ساکار بووە، دواتر قووڵ بۆتەوە و ڕەنگی داوەتەوە لە هەموو ژانەرەکاندا، بە تایبەتی لە ئەدەبییەتی قۆناغی نوێ و هاوچەرخدا هەستی پێدەکرێت و بۆتە یەکێک لە ڕەگەزە گرنگ و ڕەسەنەکانی دەقی ئەدەبی. هەروەها پاڵنەرێکی بەهێز و کاریگەر بووە بۆ نووسەران .

(بۆدلێر ١٨٢١ بۆ ١٨٦٧) بۆچوونی وایە دنیا بێشەیەکی لێوان لێوی هێما و ئاماژەن، هەقیقەت لە خەڵکی ئاسایی شارەوە و پەنهانە، تەنها شاعیر زەبری ئەو ئیدراکەی هەیەتی لە ڕێگەی شیکردنەوە و ڕاڤەی ئەو هێما و ئاماژانەوە هەستی پێدەکات, ئەو جیهانە جیاوازانەی وا کار لە هەستی ئێمە دەکەن , پەیوەندی وردیان لە تێواندا هەیە و شاعیر دەبێ ئاشکرایان بکات , بیان دۆزێتەوە بۆ نیشاندانی مەبەستەکانی خۆی زمانیکی تر سوودیان لێ وەربگرێت )( حسەینی ٢٠١٨: ١٧٣)هێمای ئەدەبی، ئەو هێمایەیە کە داخراو و چەقبەستوو نییە،واتایەکی فراوانی هەیە و زیاتر لە واتایەک دەبەخشێت و زیاتر بە مەبەستی ئیستاتیکی ئەدەبی بەکاردەهێنرێت.

## ١_٦_ هۆکاری بەکارهێنانی هێما

## ١_٦_١_ هۆکاری سیاسی

بەکارهێنانی هێما لە ئەدەبدا، بە تایبەتی لە بواری سیاسیدا، مێژوویەکی درێژ و ڕەسەنی هەیە، هێماکان وەکوو ڕێگەیەکی نهێنی و ناڕاستەوخۆ بۆ دەربڕینی بیرۆکە سیاسییەکان و

ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتداران یان سیستەمەکان بەکاردەهێنرێت,ئەمە بەتایبەتی لەو کاتانەدا ئەگەر ڕوون بکرێتەوە دەبێتە هۆی کێشە و سزادانی نووسەر، بۆ پاراستنی خۆیان پەنا دەبەنە بەر هێما چونکە بە ڕوونی نەیاندەتوانی بیرۆکەکانیان دەربڕن,هێماکان لەئەدەبدا وەکووئامرازێکی بەهێزوکاریگەربەکاردەهێنرێت بۆ دەربڕینی بیرۆکە سیاسییەکان,بەتایبەتی لەنووسینی ئەدەبی لە زۆربەی قۆناغەکاندا پەیامدار بووە,بۆئەوەی کۆمەڵگەیێ وشیاربکاتەوە,بەهۆئەودەسەڵاتەکە سانسۆری تۆقێنەری بەرانبەرگەلەکەی دەکات.ئەمە وا لەنووسەران دەکات،هێما بەکاربهێنن,بەکارهێنانی هێما بۆ ئەوەیە بگاتە ئامانجەکەی,نەتەوە وشیار بکاتەوە لەو دەسەڵاتە تۆقێنەر و خراپەی کە گەلەکەی پێوەدەناڵێنێت.ئەگەرئاوڕێک لە مێژووی ئەدەبی کوردی بدەینەوە،دەبینین بەدرێژایی مێژوو نووسەران لەبابەتە ئەدەبییەکانیاندا هێمایان بەکارهێناوە،بەهۆی ئەوەی میللەتی کورد بە درێژایی مێژوو لەژێردەسەڵاتی زۆرداربخۆسەپێن بووە.بەڵام هێمازیاترلە ئەدەبیاتی نوێ وهاوچەرخدا بەکار هێندراوە.(هێما زەمینە بۆ نووسەر خۆش دەکات، وەک دەمامک بەکاری بهێنێت. بۆ مەبەستی تێڕوانینی تایبەتییەکانی خۆی، لەبەر هەر هۆیەک بێت ناتوانێت بە سەربەستی بە ئاشکرا دەریان ببڕێت.)(مەحموود ٢٠٠٨: ١٦٩) نووسەران بەهۆی ئەوبارودۆخە سیاسی ورامیاریەی کە کۆمەڵگەکەی تێیدایە،ئەوبابەتانەی کە لە دەقەئەدەبییەکاندا دەینووسنەوەهێمابەکاردەهێنن،کەئەمەبۆ ئەوەیە کە ناتوانن سەرجەم بیر و ئایدیەکانیان بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ دەربڕن، بۆیە پەنا دەبەنە بەر هێما.

**١_٦_٢_ هۆکاری ئیستاتیکا**

ئیستاتیکا یان جوانناسی زاراوەیەکی فەلسەفییەو گوزارشت لەوفەلسەفیە دەکات.کە گرنگی بەتێگەیشتن و چێژبردن لە جوانی دەبینێت،هەروەها باس لە چۆنێتی خوڵقاندنی جوانی دەکات لەنێو بەرهەمە هونەرییەکاندا.(مطر١٩٧٩: ٤)جوانناسی لە زمانی عەرەبیدا دەبێت بە(علیم الجمال) لە فارسیدا (زیباشناسی)، بە ئەڵمانیش(Aesthtik) پێی دەوترێت، بە فەرەنسی( Esthetique) بەئینگلیزی( Aesthetics) بەئیتاڵی( Estetica) کە دەکاتەوەزانستی پێوەدانگ هەڵسەنگاندنەکان کەجوانی وناشرینی لەیەک جودا دەکەنەوە. ئەمەناسنامەیەکی کلاسیکی وچەمکی ئیستاتیکاییە.( ڕەسوڵ ٢٠١٢: ٨٤) بنەڕەتی وشەی ئیستاتیکا لەزمانی ئینگلیزیدا ((دەگەڕێتەوەبۆوشەی(Aisthetics )کەبە واتای درکپێکردنی هەستی دێت.وشەی ( Aistheta)بە واتای درکپێکردن یان هەستپێکراودێت.( حسێن ٢٠١٨: ٣٤)ئیستاتیکا مێژوویەکی کۆنی هەیە((دەگەڕێتەوە بۆ ٥٠٠ ساڵ پێش لە دایک بوون.کە بۆ یەکەم جار لای یۆنانییەکان سەری هەڵداوە بەکۆنترین زانست دادەنرێت, کە لەفەیلەسووف و وانە بێژانی کاروباری هزرو هونەرو فەلسەفە و گفتوگۆیان کردبێ. هەروەها فەلیسوفەکانی یۆنانی وەکو( هیرا کلیت و دیمۆکریت و ئەفلاتۆن) وایان داناوە کە کەرەستەیەکی سەرەکی هونەرجوانییەو هونەرلاسایی کردنەوەی جوانییە،چێژی جوانی لە گونجاندنی نێوان فۆرمی کاری هونەری و جوانی بیر پێکدێ.بەدرێژایی ئەم مێژووەیە,جگە لە زاراوی ئیستاتیکا چەند زاراوەیەکی تر بەکارهاتووە وەک زاراوەکانی تیۆری هونەرەکان،تیۆرىزانستە جوانەکان، تیۆری ئەدەبە جوانەکان، هونەرە جوانەکان، کالیستیکا و زانستی جوانی))( عومەر٢٠٠٩ : ٢١)ئەم زانستە لە هونەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ نێو ئەدەب و سەرجەم ژانەرە ئەدەبییەکان، گرنگییەکی تەواوی پێدەدەن کەواتە ژانەرە ئەدەبییەکان لەگەڵ ئیستاتیکا، دوانەیەکی لەیەکدانەبڕاو و ڕاستەوانن. ئامانجی گشتی ژانرە ئەدەبییەکان بەگشتی بەخشینی چێژ و جوانی و سەرسامییە. هەر بۆیە

نووسەران بۆ ئەوەی ئەزموونی دەقەکانیان بەرز و داهێنەرانە بێت و پڕچێژتر بێت، پەنا بۆ بەکارهێنانی هێما دەبەن , هێمایش هەم جوانی هەم چێژ بە بابەتە ئەدەبییەکان دەدا.

**١_٦_٣_ هۆکاری کۆمەڵایەتی**

نووسەران هەمیشەبیروبۆچوون ورەخنەکانیان لەڕێگەنووسینەکانیانەوە ئاراستەی کۆمەڵ کردووە.ئامانجی نووسەران ئەوە بووە کەکۆمەڵگا وشیار بکەنەوە لەوداب و نەریتە ناباوەکانی کە لەناو کۆمەڵگاکەدا بوونی هەیە. ئەدەبی کوردی بە درێژایی مێژوو هەر لە نووسینی شیعرەوە تا نووسینی چیرۆک و ڕۆمان ئەم جۆرە هێمایەیان تێدایە کە بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگەیە،چونکە ئەگەر بەشێوازێکی ڕاستەوخۆباسیان بکردایە ئەوە دەکەونە بەر نەفرەتی کۆمەڵگا,بۆیە ناچارن بەشێوەی هێما لەنووسینەکانیاندا دەریببڕن,لە دوای ئەوەی نووسەران لەژێر کاریگەرسانسۆری کۆمەڵگە نەیاندەتوانی بیرۆکەکانیان بخەنەڕوو،بۆئەوەی تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی نەبنەوە،بۆیە ناچار بوون بە هێمابیروبۆچوونەکانیان دەربڕن. ئەم شێوازە دەربڕینە هێمایییە لە هەموو ئەدەبیاتی جیهاندابوونی هەیە،چونکە هەر نەتەوەیەک بۆ خۆی کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی هەیە، بۆیە نووسەرانی ئەو وڵاتانە دەهاتن بە هێماکێشەکۆمەڵایەتییەکانیان دەخستەڕوو،بۆ ئەوەی دووربن لەکێشەنکۆمەڵایەتی,لەڕێگەی هێماوە کۆمەڵگەکانیان وشیار دەکردەوە. ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە پشت هەر دەقێکی ئەدەبییەوە بۆ بابەتێکی تر بڕۆین, واتایەکی ترمان پێ دەبەخشێت.لەهێمادا هەموو کاتێک شتێکی شاراوەبوونی هەیە،بە هۆی هۆکارێکەوە کە نووسەران بە ڕاستەوخۆیی دەری نابڕن.بەدڵنیاییەوە یەکێک لەو هۆکارانەش هۆکاری کۆمەڵایەتییە و ناتوانن بە ڕاستەوخۆیی دەریبڕن، بۆیە پەنا دەبنە بەر هێما.

**١_٦_٤_ هۆکاری ڕۆشنبیری**

نووسەران لەئەنجامی کاریگەربوون بە توانای نووسەرانی میللەتانی ترەوە، بەتایبەتی ڕۆژئاواییەکان،سوودیان لێ وەرگرتوون,بۆدەرخستنی تواناڕۆشنبیری خۆیان بەکاری دەهێنن، بەتایبەتی نووسەرانی کوردی،ئەوانەی وازیاترزمانی بیانی دەزانن,ئەوانە زیاتر هێما بەکار دەهێنن لە نووسینەکانیاندا. بەکارهێنانی هێمای جیاواز لە دەقە ئەدەبییەکاندا نیشانەیڕۆشنبیریبوتواناوبەسلیقەیی نووسەران دەردەخات کەشارەزابهێما جیهانییەکان و هێمای نەتەوەکانی خۆیانن،جۆرێک لەگرێدان وتێکەڵکردنی دەکەوێتە پێش چاولەدەقەئەدەبییەکان.ئەمەنیشانەی بەتوانایی نووسەران دەردەخات،تا ڕۆشنبیرتر بن زیاتر دەقە ئەدەبییەکان جوانتر و بەچێژتر دەبن لەلای خوێنەر.

**بەشی دووەم: هێمای مێژوویی لەڕۆمانی (سلیکۆک هۆکلێر)**

**٢_١_ پێناسەو چەمکی مێژوو**

مێژوو زنجیرەیەکی ڕێکخراوی ئەو زەمەنمەندەیە لە ((ڕووداو و بەسەرهات کە ڕەفتاری مرۆڤ نیشان دەدات. چەمکەکانی هۆکاریەتی، بونیاد و ڕەفتار لەوێدا پێکەوە پەیوەندیدارن و کاریگەریی پێشهات، ئەگەرەکان و هێزە دەرەکییەکان لەوێدا دەبینرێن. ئەوەی تریان خۆشەویستییە))(کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٢١: ٩١)بەدرێژایی مێژوو لەنێو قوتابخانەوئاراستەجیاجیاکان چەندین پێناسەبۆزانستی مێژوو سەری هەڵداوە و بەرەو فراوانترین ئاسۆڕۆیشتووە.دیارە بێگومان مێژوو بە گیانی گەلان پێناسە کراوە((مێژوو ترپەیەکی زیندووە لەژیانی وڵاتان وکۆمەڵگەکان،بەردەوام نوێ دەبێتەوە.مێژووکارلێکی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی تۆماردەکات،بەشێوەیەک خۆشی هەزری و ئەزموون ودیالۆگ

وکارلێکەکانی لەگەڵ هەموودیاردەکانی دەوروبەرلەخۆ دەگرێت.))(ئەلزەیدی،٢٠١٥: ١٩). مێژوو بیرەوەرییەکە نەک تەنیا لە یادمانەوە دەیناسین، بەڵکوسەرچاوەژیانمانە،کۆڵەکەیەکەلەسایەیدادەژینوئەگەربمانەوێت لەناونەچین،دەبێت ناچارین پەیوەندی لەگەڵدانەپچڕێنین.((مێژوو چەمکێکی ئەبستراکت و پەتییە،کەلایەنی کەم دوو واتای لێ دەردەهێنرێت هەندێک جار سەرنجی لەسەر ڕووداوەکانی ڕابردووە و هەندێک جار ئاوڕ لە لیکۆڵینەوە و شیکاری ڕووداوەکان دەداتەوە))(موفتەخەری، ٢٠٢٢: ٣٠)مێژوو لە لایەکەوە ئەندێشە، کردار و دیار کاتەکانی ژیانی ڕابردووی مرۆڤ لە خۆدەگرێت،لەلایەکی تریشەوە بریتییە لە ناسین،ڕاڤەکردن و پەسەندانی ڕووداوەکانی ڕابردوو لە بۆتەی ئێستادا.لەمانایەکەمدا،مێژوو ئەو شتەیە کەڕوویداوەوکۆتایی هاتووە. لە مانای دووەمدا، ئەو شتەیە کە دەربارەی ئەو ڕووداوە دەنووسرێت وتۆمار دەکرێت.لەڕوانینی یەکەمدا،مێژوو حیکایەت و چیرۆکی ڕابردووانە. لەڕوانینی دووەمدا، گێڕانەوە و هۆنینەوەی ئەو چیرۆکەیە.بەکورتی،لەم تێگەیشتنەدامێژوو لەپەیوەندی ڕابردوو-ئێستا پێکدێت.

## ٢_٢_ چەمکی کەسایەتی وەک هێمایی مێژووی

هیگڵ(١٧٧٠_ ١٨٣١) لەکتێبی (وانەکانی فەلسەفەیمێژوود/عقل لەمێژوودا), جەخت لەسەر کەسایەتی یان درووستکەری مێژوودەکاتەوە, کەسایەتی ئامرازێکە بەدەستی ڕوحی گشتییەوە لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانیدا,واتە ئەوکەسانەی توانیویانە بەرژەوەندی تایبەتییەوە ببنە بەرجەستەکاری ڕۆحی نەتەوە.کەسایەتی مەزن لەڕوانینی هیگڵەوە بەرهەمی بارودۆخی مادی,یان کۆمەڵایەتیان بایلۆژنییە, بەڵکو لە پلەی یەکەمداگوزارشتە لە ڕۆحی ڕۆژگارەکەی یان بریتییە لە ڕۆحی شارستانیەتەکەی.))( عەلی٢٠١٨ : ٦٣_٦٤)هەروەها کەسایەتی لەمێژوودابریتییە لەوەی کە((مرۆڤ تەنها جەستەیەکی خامۆش نییە, بەهەمان شێوەش ڕۆحێکی بزوێنەری بێکاریگەرێتی وبێ نیشتمان نییە,هاوکات ژیرییەکی ئەبستراکیش نییە,بەڵکو مرۆڤ لەیەک کاتدا( جەستەوڕوح وژیرییە.) بزوتنەوەی مێژوو لە تێکرای بزوتنەوەکانی دیکە, بەوەی کەبزوتنەوەیەکی مەبەستی یەنەک هۆکارێتی بەتەنها, جیادەکرێتەوە, چونکە بزوتنەوەی مێژوو بەتەنها, چاو نابڕێتە هۆکارەکان یاخو دڕابردوو, بەڵکو بەرەو مەبەستەکان دەڕوانێت, لەبەرئەوەی بزوتنەوەیەکی ئامانجدارە و بۆ مەبەستێک لە داهاتووڕادەمێنێت,بۆیە داهاتوو بزوێنەری هەر چالاکییەک لە چالاکییە مێژووییەکان, داهاتوویش لە میانەی ئەو(بوون)ە زەینییەوە، کە ئەو داهاتووەی تێدا دروست دەبێت. لەبەر ئەوە بوونی زەینی دەبێتەهاندەروبزوێنەری بزوتنەوەی مێژوو))( مەحەمەد٢٠١٥: )درووستبوونی کەسایەتییەکان لەمێژوودا ئەوەیە ((کەسەییەتییەکانی مێژوو خۆیان درووستدەکەن لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی پێش وەختەو دیاریکراودا, کەسایەتی گرنگەبەڵام کارلێکەری بارودۆخی ئابووری کۆمەڵایەتییە))(Marx, 2018.5) .

ڕۆمانی (سلیکۆک هۆکلێر) هەر لەسەرەتاوە ئاماژە بۆ بارودۆخێکی ناهەمواری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکات,کەتێیدامرۆڤ تائاستی لە مرۆڤ خستن بچووک دەکرێت و هیچ بەهایەکی مرۆیی (سەربەستی, ماف, ئیرادە, پێکەوە ژیان, خاوەنداریێتی ... هتد) بۆ نەماوەتەوە.ڕۆمانەکە ئاماژە بۆ دوو دەسەڵاتی سیاسی کوردی ( پارتی دیموکراتی کوردستان)و(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دەکات,خاڵی هاوبەشی سەرەکییان ئەوەیە, کە سامان ودەسەڵات بەکاردەهێنن بۆدرووستکردنی کۆمەڵگایەکی چینایەتی بە جۆرێک مرۆڤەکان ببنە " کۆیلە" وەک ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا دیارە ئەو دوو دەسەڵاتە بە یەک ئاراستە دەیانەوێ بە سێ ئامانجی سەرەکی بگەن(


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

١. به دی هێنانی دابەش بوونی چینایەتی کۆمەڵگەی کوردی. ٢. سروشتێکی دیاریکراو لە قاڵب دراوی کۆیلە بوونی تاکی کورد. ٣. وا لە تاکی کورد بکەن, کوێلە بوونی خۆی قبوڵ بێت ). هەروەکو لە ڕۆمانەکە دا هاتووە:**(ئەمێستا سلیکۆک هۆکلێر وا بێنە بەر تۆڕی چاوانت کە پێکهاتەی سەدان تەلاری بڵند و هەزاران خانگی نەوی و بەنگەڵەیە بە گوێرەی ئاستی چینایەتی و جێنشینانیان ,بەگوێرەی پلەوپایەی بەڵێندەر و پەراوێزەکانیان, بە گوێرەی کلکەسووتە و ماریکەران و مشەخۆرانیان بە گوێرەی بازرگانە دەسگێڕ ودەمگێڕوو پێگێڕەکانیان, بە گوێرەی دووکانچە سیاسییەکان قوت کراونەتەوە)** بە گشتی چەمکی کۆیلایەتی ئەوەنییە کەتەنها پەیوەندی بە سەرمایە و هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە هەبێت بەڵکو کۆیلەبوون و سروشتی کۆیلەبوون پەیوەندی بە ناهاوسەنگییەکی سیستماتیکی دەسەڵاتەوە هەیە, کە بەشێوەیەکی ڕێک و بەرنامە بۆ دارێژراو مرۆڤ بکرێتە کۆیلەی سیستم و دەسەڵاتی سیاسی ئەمەش نوخبەیەکی بچووک لە بەرامبەر زۆرینەیەکی وابەستە دروست دەکەن. زاراوەی کۆیلەکان لێردا میتا فۆرێکی بەهێزە پێویستە بزانین ئەوەی لەسەرەوە خرایە ڕوو باس لە زۆرە ملێی ئابووری مۆدێرن دەکات نەک کۆیلەایەتی بۆ شت و مەک .

هەموو ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردن لە بارودۆخێکی ناهەمواری سیاسیدا بریتین لە: سنوردارکردنی هۆکارو سەرچاوەکانی ژیانێکی شەرف مەندا, هەڕشەکردن و شکاندنی کۆدە ئەخلاقییەکانی تاک و هەرمیکانیزمێکی تر, کەوا لە تاک دەکاەن ببێتە کۆیلە, کە دەکرێت کۆنترۆڵکردنی دەروونیش بگرێتەوە, بۆنموونە وەک ترس لە تۆڵە سەندنەوە هەرچی سەبارەت بە ویستی مرۆڤە بۆ ئەوەی خۆی وەکو کۆیلە ببینێت, ئەوا پێویستە دوو دیوی ئەم دیاردەیە ببینین بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانین لە سروشتی دیاردەی کۆیلە بوون لە ڕۆمانەکەدا تێبگەین جۆرێک لە مرۆڤ هەن کە چێژ لەوە دەبینن کە کۆیلە بن و لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی کارو هەڵویستەکانی خۆیان دەترسن, بەبێ ئەوەی لە ژێر فشارێکی دیاریکراودابن. بەڵام جۆرێکی تری مرۆڤ هەن کە کۆیلەیی خۆیان قبوڵە لە بەرئەوەی نایەنەوێت ببنە قوربانی و دەکرێت هۆکارە سەرکییەکانیش ئەمانە بن : پێداویستییەکانی مانەوە (قبووڵکردنی بە زاندنی سنوورە کەسی و مرۆییەکانی خۆی, چونکە بەو هۆیەوە ژیان و کەرامەتی خێزان و کەسەکانی دەوروبەری دەپارێزێت) قبوڵکردنی ستەم لەبەر پارستنی ئاسایش و ناوخۆیی, هەروەها پیشاندانی ملکەچبوون وەک دەرکەتەیەکی دڵسۆزی بۆ خاک و نەتەوە گروپ و ئایدۆلۆجییایەکی دیاریکراو). هەردوو دەسەڵاتی سیاسی پارتی و یەکێتی بە درێژایی مێژوو هەوڵی بە کۆیلە بوونی خەڵکیان داوە بە چەندین ڕێگەی جیاواز هەندێک بە مادده و هەندێک بە پۆست و پلە ئەمە تەنها لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتەکەی خۆیان و بپارێزرێن لە لایەن کۆیلە کانیان نووسەر ئاماژە بەوە دەکات ئێستا شارەکانی کوردستان وا دێتە پێش چاو کە پڕن لە ناوچەی جیاواز و چینایەتی جیاواز ئەوانەی وا لە دەسەڵاتەوە نزیکن کۆیلەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتین لە ژیانێکی خۆشدان تەنها لە بەر کۆیلە بوونیان لە لایەن دەسەڵاتەوە زۆربەی ئامرازەکانی ژیانیان بۆ دەستەبەر کراون, هەندێک لە کۆیلەکان خاوەن دووکانچەی سیاسین واتە خاوەن حزبی تایبەت بە خۆیانن بەڵام ئەمانەیش وەک ئەو کۆمەڵە خەڵکە هەر کۆیلەی یەکێتی و پارتین هەر کارێک بکەن لە بەرژەوەندی ئەمان دەیکەن بە هیچ شێوەیەک کارێک ناکەن لە دژی هەردوو دەسەڵات بێت, بۆیە ئەمانەیش جۆرە کۆیلەیەکی ترن بەڵام بە ناونیشانی ترەوە ئامانجی یەکێتی و پارتی لە دامەزراندنی ئەم جۆرە دووکانچە سیاسیانە بۆ ئەوەیە کە ئەگەر کەسێک دژی بەرژەوەندی ئەمان بوون بچنە ڕیزی ئەم دووکانچە سیاسیانەوە بۆ ئەوەی دەنگی نارازی درووست نەبێت بۆ ئەوەی نەوەک کەسانێک درووست

بێت دژی دەسەڵاتەکانیان . دروستبوونی دەسەڵاتی (یەکێتی و پارتی) بە هۆی پاڵپشتی و قوربانیدانی تاکی کورد دروست بوونە, چونکە بە بێ پاڵپشتی تاکی کوردی ناتوانن درێژە بەدەسەڵاتەکەیان بدەن ئەو قوربانیەو نەهامەتییەی کە تاکی کورد بەخشی بە هەردوو دەسەلات لە ئەنجامدا هەردوو حزبی گەیاندە دەسەڵاتی حوکومداری, دەسەڵات دەرفەتێکە لە لایەن تاکەکانەوە بە نوخبەی سیاسی دەبەخشرێت لە پێناو جێبەجێکردن و هێنانەدی خواستەکانی تاک و کۆمەڵگە. پەیوەندێکی گشتگیر و تۆکمەو هەبێت لە نێوان دەسەڵات و زانیاری "مەعریفە" چونکە دەسەڵات پێویستیەکی زۆری هەیە بە زانیارئەگەر هاتوو زانیاری " مەعریفە " بوونی نەبوو ئەوا دەسەڵاتێکی زۆردارو خراپە کارو دیکتاتۆر دەهێنێتە کایەوە.بە هۆی هەژاری زانیاری لەدەسەڵات لەلایەن هەردووحیزبەوە دەبێتەمایەیی حوکمدارێکی خراپ, لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە ئەم دوو حیزبە خاوەن دەسەڵاتێکن بە ناوی دەسەڵاتخوازی, پێناسەی دەسەڵاتخوازی ئەوەیە ((کە جۆرێکە هێزو دەسەلات تێیدا زیادەڕۆی تێدا دەکرێت, بە واتایەکی تر بریتیە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەلات لە ژیانی تاکدا,دەسەڵات خوازی داوای پابەندو گوێڕایەڵی دەکات بۆ دەسەڵاتی باڵا, کۆمەڵێک پاساو بۆ ئەو پابەند بوونە دەهێنێتەوە لەوانە پارستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی . بەڵام پاسەوەکان بەلای هاوڵاتیان وئەوانەی ناچارکراون قبوڵکراو نییە.بەڵکو بە هۆی ترس و زوڵمەوە ملکەچ کراون, هەروەها دامەزراوەکانی دەسەڵاتخوازی زیاتر ڕووکەشن و هیچ دەسەڵاتیکیان نییە))( ڕسول ٢٠١٩: ٣٦) دەسەڵاتی ( یەکێتی و پارتی ) دەسەڵاتێکی دەسەڵاتخوازە هەموو یاسا کانی وڵات لە بەرژەوەندی سەرکردەکانیانە, هەر کەسێک یان لایەنێک پێچەوانەی ئەوان بێت لە ناو دەبرێت,بۆیەدەسەڵاتی ستەمکار فۆرمێکی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی ناپابەند بەیاسایە,لەدانانی یاساکان و دەرکردنی بڕیارەکان بەرژەوەندی ڕەزامەندی گەل لە بەرچاو ناگرێت ئەم جۆرە لە دەسەڵاتدارێتی زۆرجار لە ڕێگەی کودەتاو داگیرکاری و توندوتیژیەوە بە دەست دێت و دەپارێزرێت. **(من وای بۆ دەچم کە سەرانسەری ئەوان دروستکراوی هۆشی خۆمانن. ئەو پەیڤانەی لە زاری (واو) ئافریدە کاری منەوە دەرچوون، ئەدی بۆچی وەک کرۆنۆس کە بێچووانی خۆی دەخوات، یەکتری قوت دەدەن.) (سلیکووک هۆکلێر ٢٠٢٤: ١١)**

وشەی کرۆنۆس وەکوو هێمایەکی کەسایەتیی مێژوویە, (لە ئەفسانەکانی یۆناندا کە باوکی زیۆس بووە لە سەردەمی زێڕینی ئەفسانەییدا حوکمڕانی کردووە.هاوسەر گیری لەگەڵ(ڕها) کردوە, چەند منداڵێکی هەبووە یەکێکیان ناوی ( زیۆس) بووە, کرۆنۆس هەر کاتێک منداڵیان بوایە ڕاستەخۆ دەیخوارد چونکە پێیان گوتبوو دەسەڵاتەکەی لەلایەن خودی نەوەکانیەوە لە ناو دەچێت ئەیش لەترسی ئەوە, بڕیاریدا هەموو منداڵەکانی بخوات ، بۆ ئەوەی نەتوانن دەسەڵات بگرنە دەست و دەسەڵات تەنها لای خودی خۆی بێت, بەڵام کاتێک ( زیۆس ) لەدایک دەبێت لەلایەن دایکیەوە دەشاردرێتەوە پارچە پەرۆیەک بە بەردێک دەپێچێتەوە دەیداتە کرۆنۆس لە جیاتی مداڵەکە خواردی دواجا ر زیۆس دەسەڵات دەگرێتە دەست و کرۆنۆس لە ناو دەبات) (Peter Harvey ٢٠١٣: ٢٧) دەسەڵاتدارانی هەردووجەمسەری سیاسی (سلیکووک هۆکلێر) بەردەوام کار دەکەن بۆ لەناوبردنی ئەوخەڵکانەی کەدەبنە مەترسی بۆگرتنە دةةستی دەسەڵات,بەهەر هۆکارێک بن لەناویان دەبن,هەر وەکوئەوەی هەردوو دەسەڵاتی (یەکێتی و پارتی ) بە هەمان شێوەی کرۆنۆس لە پێناو دەسەڵاتەکەیان ئامادەن بە هەموو شێوەیەک یەکتری قوت بدەن یان خەڵکانی تر بکەنە قوربانی دەسەڵاتەکەیان. دەسەڵاتداران و کرۆنۆس لەوەدا لە یەک دەچن هەردوو لایان بەردەوام بۆ مانەوەی خۆیان

میللەت و نەوەکانیان قوت دەدەن. کرۆنۆس ڕاستەوخۆ لە لایەن خۆیەوە کارەکەی ئەنجام دەدا، هەروەها دەسەڵاتدارانیش بۆمانەوەی خۆیان شەڕ و نەهامەتیان دروست دەکرد لەگەڵ دەوروبەروناوخۆدا.ئەگەرهەستیانبکردایە دەسەڵاتەکەیان دەکەوێتە بەر هەڕەشە و لەناوچوون.بەدەیان کەس لەخەڵکی ژێر دەسەڵاتەکەیان دەکەنە قوربانی تەنها لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتەکەیان.ڕۆمانووس کرۆنۆسی ئەفسانەی وەک هێمایەک بەکارهێناوە جۆرێک لە یەکچوونی درووستکردوە لە نێوان ئەفسانەی کرۆنۆس و سەرکردەی دەسەڵاتی (سلیکووک هۆکلێر) لە پێناو دەسەڵاتی مانەوەی خۆیان ئامادەن هەمووشتێک بکەنە قوربانی وەک خەڵک و خاکیش دەکەن قوربانی دەسەڵاتەکەی خۆیان تەنها ئامانجیان بۆ ئەوەیە لەدەسەڵات بمێننەوە. ترس و ئارەزوو دوودیاردەی دەروونی مرۆڤن لەگەڵ هاتنە دوونیا مرۆڤ لە ناخی مرۆڤدا بوونی هەیە ,مرۆڤ ژێر بۆ کونترۆڵکردنی ترس وئارەزووەکانی دەبێت جڵەوی بکات چونکە بەجڵەوکردنی مرۆڤ دەتوانێت ژیانێکی ئاسوودەی هەبێت,ئارەزوو سەرچاوەی نەهامەتی مرۆڤە, ئارەزوو هەرگیز کۆتایی نایەت ناگاتە ئاستی تێر بوون بۆیە پێویستە مرۆڤ سنورێک بۆ ئارەزووکانی دا بەنێت چونکە ئەگەر سنوری نەبێت ئەوە دەبێتە نەهامەتی و زیانی گەورە بۆ خۆی و کۆمەڵگە.(نیتچە) فەیلە سوفی ئەڵمانی ئاوڕێکی ڕەخنەگرانەی لە بەها تەقلیدی و ئەخلاقیەکان داوەتەوە, بە بڕوای ئەو ترس لە گۆڕان بەربەستێکی گەورەیە لە بەردەم گەشەکردن وگەشەسەندنی مرۆڤدا, نیتچە پێی وا بوو مرۆڤ لە بری ئەوە خۆی بە ڕابردوو بە بەها بەسەرچووەکانەوە ببەستێتەوە, پێویستە هەوڵی دروستکردن و بەهای نوێ بدات هەروەها پێی وایە ترس لە گۆڕان نیشانەی بێتواناییە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەئاستەنگەکانی ژیان.)(ارمسترانگ١٣٩٥: ) هەمووتاکێکی کۆمەڵگە دەبێت بوێر بێت, چونکە بوێری تاک دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی و کامەرانی بۆ کۆمەڵگە, بە گشتی تاکی کوردی باشوور ترس زۆر زاڵە بە سەریدا لە بەرانبەر دەسەڵاتی ستەمکاری باشوری کوردستان هەر ئەمەیش وای کردووە کە دەسەڵاتەکەیان بەردەوام بێت**(هەڵبەتە وەڵامی تۆ لە کن ئافریدەرەکەمە دەی گوێی لێ بگرە.**

**لە ناکات و لە ناجێدا ,نغرۆی عەدەم دەبێت.**

**ئەگەر بپرسییەوە ئەدی بوار و چارەسەر چییە ؟ وەڵامت دەداتەوە ئەوە (نێرڤانایە ) (نێرڤانا!) ئەوجا دەمی پرسیارت لە من کرد**

**بەڵێ نێرڤانا ئەویش بە دوو مەرجەوە دەبگەیتێ**

**یەکەم :(وازهێنان لە نەوس و ئارەزوو چڵێسەکانت) وەڵامم دایتەوە.**

**ئەدی مەرجەکەی دی پرسیارت کردووە ترس . لە. دڵ . دەرکردن تێم دەگەی ترس لە هەر شتێک چونکە نێرڤانا تاراندنی خەمۆکی ژیانە ڕووە و چەقی کامەرانی و جاویدانی وەڵامەکەم نایە مستەوە**

**دەستم دامێنت ئەدی پێچەوانەکەی؟! دۆزەخەکەتە داماڵێنتە لە دولبەرە لە تەواوکەرەکەت لە نموونەکەت لە خاکە کەت ئەمە وا دیارە کەئەزموونی تولە ڕێی گیانمانا وانییە؟)(سلیکووک هۆکلێر٢٠٢٤: ١٥.١٤)** بۆ ئەوەی بتوانیت ڕووبە ڕووی دەسەڵاتی (یەکێتی و پارتی) ببیتەوە ئەبێت لە پێشدا هەموو تاکێک لە کۆمەڵگەواز لە ئارەزووەکانی خودی خۆی بێنێت.تەنها بە دوای ئارەزووەکانی خۆیدا نەگەڕێت بەڵکو ئامانجی ئەوەبێت بتوانێت ئارەزووەکانی هەمووتاکی کۆمەڵگە بە دەست بێنێت,نابێت تاکی کۆمەڵگە ترسی لەدەسەڵاتی ئەم دووهێزەبێت. چونکە ترس هۆکارێکە بۆدرێژەدان بە دەسەڵاتی (یەکێتی و پارتی)درێژەدانی دەسەڵاتی ئەم دووحیزبە واتا ژیانێکی دۆزەخییەبۆهەمووتاکێکی ئەم کوردستانە,دەرێژەدان بەم

دەسەڵاتەدوورکەوتنەوەی تاکی کوردلە ئاسودەی.( نێرڤانا ) وشەیەکی سانسکریتی هێندی کۆنە لە بۆدیزم و هیندۆییزم بە کار هاتووە بە واتای ئاشتی و ڕزگاربوونە لە نارەحەتی دێت نێرڤانا لە بودیزمدا ئەو حاڵەتتەیە کە مرۆڤ لە هەموو خواست و نارەحەتیە کان ڕزگار دەکات .کوژاندنەوەی ئاگرە, چونکە نێرڤانە کۆتایی هێنانە بە تێنگەیشتنە نادروستەکان نزیک بوونەوەیە لە ژیان نێرڤانا لە ئایینە رۆژهەڵاتییەکاندا کۆتایی نارەحەتییە و گەیشتنە بە ڕزگاری) Peter Harvey ٢٠١٣: ٧٣)واتای ئەم هێمایە ئەوەیە,بۆئەوەی لەم دەسەڵات و خراپەکارییە و لۆکاڵییەی شاری چوار گۆشەکە ڕزگاریان بێت, دەبێت خەڵکەکە وەک نێرڤانا بن. بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لە دەست ئەم دەسەڵاتە خراپە, ئەمە پێچەوانەکەی دۆزەخەکەتە داماڵینتە لە دولبەرەکەت لە تەواوکەرەکەت لە نموونەکەت لە خاکەکەت ئەمە ئەزموونی تولەڕی گیان کەواتە ئەگەر نەبینە نێرڤانە ئەواهەمووومان لەم شارە چوارگۆشەی لەناو دەچین کە وەکوو دۆزەخە بۆ خەڵکەکەی بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت لەم دەسەڵاتە دەبێت ببینە نێرڤانە بۆ ئەوەی ژیانێکی خۆش ئاسوودەمان هەبێت.

دەسەڵاتی کوردی لە دوای ڕاپەرینەوە لەبەر ئەوەی بەرهەمی دەسەڵاتێکی خێڵەکییە, ئەم دەسەڵاتەباوەڕبەیاسانییە,لەکۆمەڵگەداباوەڕیان وایە باوەڕبوون بەیاسا نەنگییە, دەسەڵاتی (یەکێتی و پارتی ) توندوتیژبوەک شوناسێک وهێمایەکەبۆیان,ئەم دووەدەسەڵاتەبپێدەناسرێت.لەرێگەی توندو تیژی دەسەڵاتەکەیانەوە توانویانە سەرجەم کۆمەڵگە بەخەڵکەکیشەوەبەموڵکی خۆیان بزانن.**(کەچی بێچووە فیرعەونە کاریزماکان چوار ئاماژەیان هەیە:**

**قامک ڕەواشاندنیان بڕیارە,چاوئەبلەقبوونیان,گەردنپلدانە.مۆڕبوونەوەیان ماڵوێرانییە . برۆهەڵتەکاندنیان,دەستپێکی شەڕ و نەهامەتییە. ئیتربۆ سەمەرەی هەشتم نەبێت. ) (سەراج ٢٠٢٤: ١٦)** دەسەڵات لە باشوری کوردستان دەسەڵات لای سەرکردەی هەردوو حیزبە,هەر کاتێک ویستیان بێت بە چەند ئاماژەیەک شەڕو نەهامەتی درووست دەکەن بۆ میللەتەکەیان,وشەی بێچووەفیرعەون وەک هێمایەکی کەسایەتی مێژووی بە کارهاتووە, چونکە دەسەڵاتی فیرعەون هێمایەکە بۆ دەسەڵاتێکی خراپەکار و مل نەدان بۆ ڕاستی هەربۆیە ڕۆماننووس دەسەڵاتدارنی یەکێتی و پارتی دەچوێنێ بە فیرعەون ئەمانیش بەهەمان شێوەیفیرعەون دەسەڵاتێکی خراپەکارن ومل نادەن بۆڕاستی هەر کەسێ دژی دەسەڵاتەکەیان بێت,دژی دەوەستنەوە لە ناوی دەبەن دەسەڵاتی فیرعەون هەموومیللەتەکەی ژێردەستی بەکۆیلەی خۆیدەزانی,دەسەڵاتی( یەکێتی و پارتی)بەهەمان شێوەخەڵکی ژێردەسەڵاتی خۆیان بەکۆیلە دەزانن,دەسەڵاتی فیرعەون ودەسەڵاتی(یەکێتی وپارتی)لەوڕووەوە لەیەک دەچن ئامانجیان دەوڵەمەندکردنی خۆیان و برسیکردنی خەڵکەکەیانە.ئەم دەسەلاتە تەنها شتێک بە لایەوە گرنگ نەبێت ژیانی خەڵکەکەیەتی ئامادەن هەموو قوربانێک بدەن بە خەڵک و خاک تەنها لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان .

هەمیشە دەسەڵات لە پێناو ملکچکردن و دەستەمۆکردنی تاکەکان پەنا دەباتە بەر ئامرازگەلی جۆراو جۆر یەکێک لەو ئامرازانەی کە میللەتی پێ دەچەوسێنەوە کۆیلە بوونی هەندێک کەسە دەسەڵاتی ستەمکار بۆ دەرێژە دان بە دەسەڵاتی خۆی, بەردەوام پشت بەکۆمەڵێک خەڵک دەبەستێت,کۆیلە پشتگیربدەسەڵات دەکات لەپێناو برێک پارە یان کورسی,لەرێگەی ئەم کۆمەڵە کۆیلە برژەوەندی خوازانەوە دەسەڵات خەڵکی ژێردەسەڵاتەکەی خۆی دەچەوسێنێتەوە ئەم کۆمەڵە کۆیلانە ئەنجامدەری بڕیارەکانی دەسەڵاتی ستەمکارن لەسەر



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

خەڵکی بێ تاوان, ئەگەر ئەم کۆیلانە نەبێت دەسەڵات ناتوانێ درێژەبەدەسەڵاتی ستەمکاربخۆی بدات.دەسەڵاتی ستەمکارپەیوەندێکی تۆکمەی هەیە لەگەڵ توندوتیژی چونکە لەو ڕێگەوە دەتوانی برنامە ئەجینداى خۆی جێ بەجێ بکات بە هاوکاری کۆیلەو دەست و پێوەندەکانی.**(دەرکەی گەنجینە و پولیان بۆ کەوا سوور و کلکتەقێن و زیوان و موریدەکانیان واز کردووە بەمەیشەوە ئازار و ئەندۆیان خستۆتە ناو پرتۆپلازمای بوونەوەری هەژارانەوە جوداوازیی (تۆپزاوا)ی نەفرین و سیلیکووک وهۆکلێر لەوەدایە کە تۆی مەرگەکە لەوێندەرێ گورج دەچێندرا,لێرە تۆی مەرگ خاو و هێدی وەشێندراوە. هەڵبەتە ئاکامی تەڵخی هەردوو لایەن زەوتکردنی بیر و دەمکوت کردنە چی بە خۆڵ بێت یان بە فیشەک چ بە گۆڕ و شار و پارە و خەڵات بوو بێت چی بە نانبڕین و ترۆ کردن, گشتیان هاوچووی نقبردنە ژوورەوە و قەڵاچۆ کردن دەی دەی بپرسە کەی پەڕەی بێدەنگی بدڕێنن.)( سەڕاج٢٠٢٤: ١٨).**

دەسەڵاتی (یەکێتی و پارتی) دەرگای گەنجینەو پارەکانیان کردۆتەوە بۆ مەشخۆرو کۆیلەکانیان,بۆئەوەىئازاروئەشکەنجی خەڵکی بدەن ئازارەکەىچواندوە بە ئەو شوێنەی کە ناوی " تۆبزاوا"یە وەکوو هێمایەک بە کاری دێنێت بۆ ئەو ناوچەیە کە دەکەوێتە پارێزگای کەرکووکەوە سەر بازگەیەک لەو ناوچەیە بووە کە سەرجەم ژن و منداڵ و پیاوانی کوردیان لە پرۆسەی ئەنفال بردووە بۆ ئەوشوێنە لەو سەربازگەیە ژن و منداڵ و پیاوی پیر و گەنجیان جیاکردووەتەوە دواجار زیندە بەچاڵ کران.سەربازگەی تۆبزاواهێمایەبۆ دڕندەیی وخراپەکاری ڕژێمی بەعس بەرانبەرمیللەتی کورد,ڕۆماننووس لەیەکچوون وجیاوازی نێوان (تۆبزاوا)وشاری چوارگۆشەیەکەدەکات,جیاوازییان ئەوەیە کوشتنی کەسانی بێتاوان لەسەربازگەی تۆبزاوا لەلایەن کەسانی دوژمنەوە بوو,هاونەتەوەیی کوردنەبوون,بەڵام کوشتن وخراپەکاری لەشاری سلیکووک و هۆکلێر لەلایەن دەسەڵاتی کوردی خۆماڵی وکۆیلەکانیانەوەبووە,لەتۆبزاوا ڕاستەوخۆ بە زوویی ژن ومنداڵ وپیاو وگەنجیان دەکوشتووزیندە بەچاڵدەکران,بەڵام دەسەڵاتی (یەکێتی و پارتی)لە باشوری کوردستان لەسەرخۆبەهێمنی میللەتەکەی خۆیان دەکوژن و لەناویان دەبەن بەگەندەڵی وخراپەکاری.هەردوو جۆرەکە هەرکوشتنە بەڵام بە ڕێگای جیاواز چ کوشتنی فیشک ویان زەوتکردنی بیروهزر بە پارەو خەڵاتکردن و نانبڕین هەر مردنە مەبەستی ڕۆماننووس ئەوەیە ئەوخەڵکەی لە (تۆبزاوا) یان لەژێر دەسەڵاتی( یەکێتی و پارتی) هەردووکیان هەرلەناوبردنی مرۆڤەچونکەدەسەڵات هەندێکی بەپارەو خەڵاتکردن بێدەنگ کردووە,کەبەرانبەر ئەو ستەم زوڵمەی دەیکەن لەگەڵ خەڵکدا, یان بە هەڕەشەی نانبڕین خەڵکی بێدەنگ کردووە کە واتە هەردووکارەکە هەر کوشتنە بەڵام بە ڕێگای جیاواز . لە لایەن دوو سەڵاتی جیاوازەوە, هەندێک جار کوشتنی مرۆڤ تەنها ئەوە نیە کە بکوژرێت وبوونی نەمێنێ بەڵکووهەندێک کارهەیە,بەرانبەر بە مرۆڤ دەکرێ ئەویش هەر مردنە, چونکە ژیانێکی ئاسودەو ئارام و ئازادی نییە لە وڵاتدا.

ژیان و شوێنی نیشتەجێبوونی دەسەڵاتی ستەمکار لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا نییە بە هۆی چەند هۆکارێکەوە یەکێک لەو هۆکارانە ئەوەیە کە دەسەڵاتی ستەمکار خۆی بە گەورەتر دەزانێ لە بەرانبەر خەڵکی ئاسایی و بە چاوکی بچوکەوە لە خەڵکی ئاسایی دەڕوانێت دەچنەشوێنێک لەڕووی ژینگەییەوە شوێنێکی تایبەت بێت وخاوەن ژینگەیەکی تەواوسرنج ڕاکێش و خۆشبێت, یەکێک لە هۆکارەکانی تریش بریتییە لەوەی بە هۆی ئەو زوڵم و ستەمەی لە خەڵکی دەکەن لە ترسی ژیانیان لە شوێنێکی دابڕاو لە کۆمەڵگە دەژین.بۆ ئەوەی خەڵکی ئاسایی لە نهێنیەکانی ژیانیان نەزانن و بە شارەوەی بمێنێتەوە, دەسەڵاتی( یەکێتی و پارتی )شوێنی نیشتەجێبوون و

ژیانیان دابڕاوە لە کۆمەڵگە. **(بەگی بەگلەرزادە , لە دەرەوەی شاردا دەربارەی خۆی ئاوەدان کردووەتەوە , پڕی لە دار چۆاڵە و شازی میوەجات کردووە هەرچی میری میرانیشە ئەوا لە زینووی یاڵە شاخێکدا حەشارگەی خۆی دابڕیوە و بە چەشنێک کەس ناوێرێ بەو هەوارگەیەدا تێپەڕێ ئەگەر بۆ گەشت و گوزار و دیدەوانیش بووبێت.( سەڕاج ٢٠٢٤: ٢١)**

وشەی بەگی بەگلەرزادە لێرەدا مەبەستی ( مام جلال )ە کە لە دەروەی شار ناوچەیەکی ئاوەدان کردۆتەوە, ناوچەکە لە باکوری شاری سلێمانی کە پێی دەڵێن ( دەباشان ) لەو ناوچەیەجێگای حەوانەوەی خۆی تێدادرووستکردووە .میری میران مەبەستی کاک ( مسعود)ە بۆیە ناوی میری میرانی بۆ داناوە وەک هێمایەک چوونکە دەسەڵاتی پارتی دەسەڵاتێکی بنەماڵییەدەسەڵات لەباوکەوە بۆکوڕدەبێت.بەکارهینانی وشەی میری میرانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو ناوچەیی کە لەلایەن کاک مسعودەوە کە لە پاڵ شاخێکە داگیری کردووە مەبەستی لەناوچەی (سەری ڕەشە) کە شوینی حەوانەوەیەتی کە هیچ کەسێک ناتوانێ بۆ گەشت و سەیران و دیدەوانی رووی تێبکات ڕێگە پێنەدراوە بۆ کەسانی ئاسایی,**بەگی بەگلەرزادەلە میری میرانزادە دووقۆلانج زرافتر و ورگنترە, کە لەوەتەی خنجەرەکەی بەرۆکی لە چاوانی دیار نەبووە لەوشاییەی بۆنۆبەرەکەی سازیدا بوو ئا لەو ساوە بیڕای بیڕ بە لای ڕانکوچۆخەدا نەچووە زمانگیڕان لێکدا لێکدا دەیان خوێندە گوێیەکانی:**

**پۆشاکی خۆماڵی لێ ناوەشێتەوە خودا قەد و بەژنی جەنابتی تەنیا بۆ بەرگی سڤیلی ئەورووپی دروست کردووە! تەنیا لە قەڵافەی بەڕێزتاندەکاڵێتەوە .میرمیرانیش مەگەر بە دەگمەن و بە بۆنەی هەرە تایبەتەوە بۆ خەتەنە سوورە و بانگێشتی مارەبڕینو پرسە نەبێ دەنا پانتۆڵ و چاکەتی بە لاوە نەنگ وناچیزەیەبەمەیش دوو نیازی پێکاوە:**

**١.وا خۆی دەنوێنێ کە هەمیشە شکۆی سیپاڵی خۆماڵی ڕادەگرێ.**

**٢.خۆی لە پەتا وپەسیودەپارێزێت.( سەڕاج ٢٠٢٤: ٢١)**

بەگی بەگلەر زادە دووقۆلانج زەڕافترە ورگنترە لە میری میران ئەمە ئەوە دەردەخات کە مام جلال لە کاک مسعود بەرزترو ورگنترە هەروەها باسی جل و بەرگیان دەکات ئاماژە بە وە دەکات کە مام جلال زیاتر قات و چاکەتی ئەورووپی لەبەر دەکات تا جل و بەرگی کوردی بە پێچەوانەوە کە کاک مسعود زیاتر جل وبەرگی کوردی لە بەر دەکات تا قات و چاکەتی ئەورووپی , ئەمەش بۆ ئەوەیە زیاتر بڵێت من پارێزەری کولتوورو فەرهەنگی خۆماڵیم.

## ئەنجام

١. لەرۆمانی(سلیکووک هۆکلێر)دا بابەتەسەرکیەکەی باسکردنی دەسەڵاتی یەکێتی وپارتییە,چۆنێتی حکوم کردنی ئەودەسەڵاتەیەبەرانبەرخەڵکی کوردستان,چەندین جۆری ئەفسانەوچیرۆکی ئاینی بەکارهیناوە, مەزراندیتی لەگەڵ دەسەڵاتی ئەم جووت حزبە.

٢.ڕۆمانەکەوەک ئەنجامیکی سەرەکی نیشاندەدات,کە دەسەڵاتی سیاسی لەڕێگەنکۆنترۆڵکردنی سەرچاوەئابورییەکانەوە,بەمەبەست کۆمەڵگەیەکی چینایەتی وەها بنیات ناوەکەتێدا تاک لە مرۆبوون دادەماڵرایێت دەکرێتە کۆیلەی سیستەم ئەمەنەک بۆ قازانجی ماددی,بەڵکوبۆ گرنتی کردنی وابەستەیی هەمیشەیی زۆرینەی خەڵک بە نوخبەیەکی سیاسی دەسەڵاتخوازەوە.

٣.داوا لە تاک دەکرێت دووربکەوێتەوە لە دووشت ئەوانیش "ترس وئارەزوو"وە چوونکە تەنها ڕێگایە بۆ ئەوەی بتوانی بگەیتەبە ئەنجام, داهاتوویەکی پرشنگدار,ئەمەتەنها ڕێگایە بۆ دەربازبوون لە دەسەڵاتی خراپی هەردوو حزب.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

٤. توێژینه دەگاتە ئەوئەنجامە کە نووسەرلەرێگەی میتافۆری( کرۆنوس و فیرعەون)ەوەجەخت لەسروشتی وێرانکاری دەسەڵاتی خۆماڵی دەکاتەوە,کە هاوشێوەی ئەفسانەکانە بۆ پارستنی کورسی پێگەی خۆی ئامادەیە نەوەکانی خۆی و داهاتووی نەتەوەکەی قوت بدات, هەموو بەهایەکی مرۆی وياسايی لە پێناومانەوەی خۆیدا بکاتە قوربانی.

٥. لە پێناو مانەوەی خۆیاندەسەڵاتی(یەکێتی وپارتی)ئامادەی هەموو خۆچەماندنەوەیەکن بەرانبەر بە دووژمنانی کوردستان,لە کاتی ترسان لە دەسەڵاتیان پەنادەبەنەبەر دووژمنانی گەل.

٦. توێژینەوەکە دەگاتە ئەوئەنجامە ئەم دوو دەسەڵاتە سیاسیە بە هیچ شێوەیەک ناتوانن وڵاتێک دابمەزرێنن خاوەن یاسابێت.چونکە لەبەرژەوەندی دەسەڵاتی ئەم دوو حزبە نییە.

## سەرچاوەکان

## کتێب بەکوردی


١. ئەحمەد:صافیە محەمەد(٢٠١٤)شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحمود,هەولێر,چاپخانەی ڕۆژهەڵات

٢. ئەحمەد: صافیەمحەمەد( ٢٠١٣)لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا,هەولێر,چاپخانەی حاجی هاشم.

٣. ئەلزەیدی:موفید ئەلزەیدی(٢٠١٥)سەرەتایەک لە فلسەفەی مێژوو, و: بورهان حاتەم گۆمەتاڵی, هەولێر,ناوەندی هزر.

٤. حەمەد: پەخشان سابیر(٢٠١٢)، ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا (کرمانجی خواروو(١٩٩١.١٩٧٠) هەولێر,لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیاکوردی,چاپخانەی هاشم.

٥. حسێن: کازم شێخ(٢٠١٨) جوانیناسی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەدەینی بریفکانی دا ,سلیمانی, دزگای سەردەم

٦حسێن:هەژارفەیق سلێمان(٢٠٢٢) هێماگەری لە دەقە والاکانی شێرکۆبێکەسدا,سلێمانی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

٧حسێنی : ڕەزای سەید(٢٠١٨) قوتابخانەئەدەبییەکان , و: حمەکەریم عارف,,سلێمانی, ناوەندی ڕۆشنبیری سارا

٨. خۆشناو:هێمن عومەر(٢٠١٠)شیعریتدەقی چیرۆکی کوردی,هەولێر,بەرێوەبەرایەتی چاپ وبڵاوکردنەوەی هەولێر

٩. سەجادی:بختیار,فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەی ئینگلیزی کوردی فارسی

١٠. عەلی :جعفەر عەلی(٢٠١٨) کاریزما وەک بزوێنەری مێژوو. سلێمانی, چاپخانەی کارۆ.

١١فەتاح: دلێر داود(٢٠١٦)سمبول د ڕۆمانا ڕوژین ئیتون دا یا ڕۆماننڤیس کۆڤان سندی,هەولێر چاپخانەی هێڤی.

١٢. کۆمەڵێک نووسەر(٢٠٠٧) فەلسەفەی مێژوو, و:ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل, سلێمانی, چاپخانەی شڤان

١٣. محمد: شاخەوان فەرهاد(٢٠١٤) کورتیلەشیعر لەئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا,هەولێر چاپخانەی ڕۆژهەڵات

١٤. محەمەد: کامەران محەمەد(٢٠١٥) لە نێوان مرۆڤ و شوێن و کاتدا دیمانەیەک بۆ تێگەیشتن لە مێژوو, سلێمانی, چاپخانەی یاد

١٥. محمود: مجید محمود(٢٠٠٨) شیعرو فەلسەفە, و فوئادمەجید میسری,سلێمانی, چاپ وپەخشی حەمدی

١٦. مستەفا: ئاسۆ عومەر(٢٠٠٩)بەها ئیستاتکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد وشێخ نوری شیخ ساڵح و گۆران,هەولێر ,دزگای موکریانی
١٧. موفتەخەری:( ٢٠٢٢)بنەماکانی زانستی مێژوو, و:بێستون عەبدولکەریم,تاران چاپخانەی جەنگەڵ
١٨. میراودەلی : خەسرەو میراودەلی(٢٠١٦) :ئەفسانەومەعریفە,سلێمانی,چاپخانەی پەنجەرە
١٩. هەورامی : حمەکریم (٢٠٠٥) ئەدەبی منداڵانکوردی,هەولێر ,چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
.
٢٠. یونگ:کارل گۆستاف (٢٠١٩) مرۆڤ وهێماکان,و :ڕوقیەسەییدی, چاپی یەکەم هەولێر,ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر

## سەرچاوە عەربییەکان.

٢١. قورئانی پیرۆز
٢٢. ابن منظور:لسان العرب(١٩٩٧) المجلد الخامس, دار الصادر.
٢٣. احمد: محمد فتوح احمد( ١٩٧٧) الرمزو الرمزية فى الشعر المعاصر, القاهرة, دار المعارف بمصر.
٢٤. لؤلؤه:عبدالواحد لؤلؤه(١٩٨٣) موسوعة المصطلح التقدى الرمز.
٢٥. الدرويش,محمود (١٩٥٧) الرمزية فى الادب العربي,القاهرة,دارالقاهرة.
٢٦. مطر: اميرةحلمي(١٩٧٩)فلسفةالجمال,القاهرة,دارالمعارف.
٢٧. نصر: عاطف جودة نصر(١٩٧٨) الرمز الشعر عند الصوفية, بيروت, دار الكندي.

## کتێبەکان بە فارسی

٢٨. دهخدا: على اكبر(١٣٤٢)لغتنام دهخدا,حرف (ر)تهران,سازمان مديرت برنامه ريزى كشور.
٢٩. جان ارمسترانگ(١٣٩٥)درس هاى نيچه براى زيندگى , و: صلح نجفى,چاپخانەی انتشارات هنوز.

## کتێب بە ئینگلیزی

30_Cuddon; J.A(1999) Dictionary of literary terms and literary theory .fourth edition. USA. Penguin books.
31 Maritain "J (1993) sign and smbolin :Redeemingth tim ;London.
32Karl Marx. (1859)A contribution to the critique of political Economy.Berlin.Germany. Franz Duncker

## نامەی ئەکادیمی

٣٣احمد: جەبار اسماعیل احمد(٢٠١٩)چەمکی دەسەڵات لە هزری میشێل فۆکۆدا ودرکەتەکانی لە هەرێمی کوردستان/عیراق
٣٤. ئیبراهیم,دلاوەر(٢٠١٥)شیعرییەت لە دەقەکانی ( ئەنوەرقادر محەمەد)دا,نامەی ماستەر,زانکۆی سلێمانی.

## گۆڤاری ئەکادیمی بەزمانی کوردی

٣٥. اسماعیل: سرود ولی اسماعیل(٢٠٢٤),هێماییێن مێژوویی دشعرا نووخازا کوردیدا, گۆڤاری کوردینم, ژماره (١١).

٣٦. ڕەسوڵ: تەها ئەحەمەد(٢٠١٢)ئیستێتیکا و فەلسەفەی هونەر,گۆڤاری ڕامان, ژماره(١٧٩).

٣٨. فەتاح: ڕزگار عومەر فتاح,(٢٠١٥)بەهای ڕەمز لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا , زانکۆی ڕاپەڕین, سکوڵی پەروەردە, بەشی کوردی.

٣٩. مزیری: عبدولرحمان مزیری(٢٠٠٩)چەڤەنگ د هۆزانا کوردی دا, گۆڤاری ڕۆشنبیرینوێ ,ژماره (١١٣).

resources

Books in Kurdish

1- Ahmad: Safia Mohammed (2014) Kurdish Poems of Pirbal Mahmoud, Erbil, Rojhelat Printing House
2- Ahmad: Safi Mohammed (2013) Ladan in contemporary Kurdish poetry, Erbil, Haji Hashim Printing House.
3- Al-Zaidi: Mofid Al-Zaidi (2015) Introduction to the Philosophy of History, and: Burhan Hatam Gomatali, Erbil, Nawndi Hzr.
4- Hamad: Pakhshan Sabir (2012), Ramz in Contemporary Kurdish Poetry (Lower Kurdish (1970-1991) Erbil, Kurdish Academy Publications, Hashim Printing House.
5- Hussein: Kazim Sheikh (2018) Mystical Aesthetics in the Poems of Sheikh Nuradeini Brifkani, Sulaimani, Sardam Institute
6- Hussein: Hazhar Faqe Sulaiman (2022) Symbolism in Open Texts of Sherko Bekas, Sulaimani University Press.
7- Hosseini: Reza Sayed (2018) Literary Schools, and: Hama Karim Arif, Sulaimani, Sara Cultural Center
8- Khoshnaw: Hemn Omar (2010) Kurdish Story Text Poetry, Erbil, Erbil Printing and Publishing Directorate
9- Sajadi: Bakhtiar, Dictionary of English-Kurdish-Persian Criticism
10- Ali: Jaafar Ali (2018) Charisma as the engine of history. Sulaimani, Karo Printing House.
11- Fatah: Dilêr Daud (2016) Symbol in the novel Rozhin Itun by novelist Kovan Sindhi, Erbil Hevi Printing House.
12- Komek Nusra (2007) Philosophy of History, by Rebin Rasul Ismail, Sulaimani, Shvan Printing House
13- Mohammed: Shakhawan Farhad (2014) Short Poetry in Contemporary Kurdish Literature, Erbil Rojhelat Printing House


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

14- Mohammed: Kamran Mohammed (2015) Between Man, Place and Time, an Interview for Understanding History, Sulaimani, Yad Printing House
15- Mahmoud: Majid Mahmoud (2008) Poetry and Philosophy, and Fuad Majid Misri, Sulaimani, Hamdi Publishing House
16- Mustafa: Aso Omar (2009) Aesthetic values of poetry by Piramird, Sheikh Nuri Sheikh Salih and Goran, Erbil, Mukriani Institute
17- Muftakhari: (2022) Principles of History, and: Bestun Abdulkarim, Tehran Jungle Printing House
18- Mirawdali: Khasraw Mirawdali (2016): Myth and Knowledge, Sulaimani, Panjara Printing House
19- Hawrami: Hama Karim (2005) Kurdish Children's Literature, Erbil, Ministry of Education Printing House.
20- Jung: Karl Gustaf (2019) Man and Symbols, and: Ruqiya Sayyidi, first edition Erbil, Awer Cultural Center

Arabic sources.

21- The Holy Qur'an
22- Ibn Manzoor: Lasan al-Arab (1997), Volume 5, Dar al-Sader.
23- Ahmad: Mohammed Fatouh Ahmad (1977) Symbols and Symbolism in Contemporary Poetry, Cairo, Dar al-Ma'arif, Egypt.
24- Pearl: Abdulwahid Pearl (1983) Encyclopedia of Symbolic Terminology.
25- Al-Darwish, Mahmoud (1957) Symbolism in Arabic Literature, Cairo, Cairo.
26- Author: Amir Helmi (1979) Philosophy of Beauty, Cairo, Dar al-Ma'arif.
27- Nasr: Atif Judah Nasr (1978) The Symbol of Poetry at the Sufi, Beirut, Dar al-Kandi.

Books in Persian

28- Dakhda: Ali Akbar (1963) in the name of Dakhda, Letter (R) Tehran, Director of the Country Program Organization.
29- John Armstrong (2016) Nietzsche's Lessons for Life, edited by Saleh Najafi, Hanoz Publishing House.

1-

Books in English

30- Cuddon; J.A(1999) Dictionary of Literary Terms and Literary Theory .fourth edition. USA. Penguin books.

Maritain "J (1993) Sign and Symbolism :Redeemingth Team ;London

31- Karl Marx. (1859)A Contribution to the Critique of Political Economy.Berlin.Germany. Franz Duncker

---

Academic Letters

32- Ahmad: Jabar Ismail Ahmad (2019) The Concept of Power in Michel Foucault's Thought and its Applications in the Kurdistan Region/Iraq

33- Ibrahim, Dlawar (2015) Poetry in the texts of Anwar Qadir Mohammed, Master's thesis, University of Sulaimani.

34- Academic Journal in Kurdish

35- Hemayen Mejwooy in Kurdish Modern Poetry, Kurdinm Magazine, No. (11.(

36- Rasul: Taha Ahmad (2012) Aesthetics and Philosophy of Art, Raman Magazine, No. (179.(

37- Fatah: Rizgar Omar Fatah, (2015) Value of Symbols in Latif Helmet's Poems, Raperin University, School of Education, Kurdish Department.

38- Maziri: Abdulrahman Maziri (2009) Chevang d Hozana Kurdi da, Govari Roshnbirinuwe, No. (113.(